بەشێک لە پەیامەکانی نوور

پەیامی قەدەر

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

بەدیعوززەمان
سەعیدی نوورسی
داینا وە

فارووق ڕەسووڵ یەحیا
کردوویە بە کوردی

ئەم پەیامە:
* مامۆستا (**بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی**) بە زمانی تورکی دایناوە.
* مامۆستا (**ئیحسان قاسم صالحی**) لە زمانی تورکییەوە کردوویەتی بە عەرەبی.
* (**فارووق ڕەسووڵ یەحیا**) لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی.
* مامۆستا (**حسەین حەسەن کەریم**) لەگەڵ دەقی عەرەبییەکەدا بەرامبەری کردووە.
* چاپی یەکەم: سلێمانی ١٤٤٢ك - ٢٠٢٠ز.
* (**ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا**) نەخشەی بەرگی کێشاوە و بڵاوی دەکاتەوە.
* هەموو مافێکی چاپ و، لەبەرگرتنەوە و، بڵاوکردنەوە و، هەر چەشنە دەست تێوەردانێك، پارێزراوە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٦٦٩)ی ساڵی (٢٠٢٠)ی پێ دراوە.

بەشێك لە پەیامەکانی نوور

پەیامی
قەدەر

بەدیعوززەمان
سەعیدی نوورسی
داینەوە

فارووق ڕەسووڵ یەحیا
کردوویە بە کوردی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

﴿وَإِن مِّن شَيْءٍ إِلَّا عِندَنَا خَزَآئِنُهُۥ وَمَا نُنَزِّلُهُۥٓ إِلَّا بِقَدَرٍ مَّعْلُومٍ﴾ (الحجر:٢١)

﴿وَكُلَّ شَيْءٍ أَحْصَيْنَٰهُ فِيٓ إِمَامٍ مُّبِينٍ﴾ (يس:١٢)

(قەدەری خـــوای گەورە و جـــوزئی ئیختیـاری دوو مەســەلەی گــرنگن. هەوڵ دەدەیـن لە چـوار "بـاس"دا، کە تـایبەتن بە قەدەرەوە، هەنـــدێك لە نهێنییەکانیـــان شی بکەینەوە).

باسی یەکەم

"قەدەر" و "جوزئی ئیختیاری" باس و خواستی زانستی و نەزەری نین، بەڵکو دوو بەشـن لە ئیمانـێکی "حـالی" و "ویـژدانی"ی ئەوتـۆدا کە دوا سنووری ئیمان و ئیسلام دەستنیشان دەکات.

واتە مرۆڤی ئیماندار هەمـوو شـتێك دەداتە دەسـت خـوای گەورە و هەموو کاروبارێك بە هی ئەو دادەنێت، تەنانەت وای لێ دێت کە خودی خۆی و کارەکانی خۆیشی بۆ خوای گەورە دەگێـڕێتەوە. بەڵام بـۆ ئەوەی لە ئەنجامــدا لە بەرپرســیاری و تەکلیــف دەربــاز نەبێــت "جــوزئی ئیختیــاری"ی لە بەردەمــدا ڕاســت دەبێــتەوە و پێــی دەڵێــت: (تــۆ موکەللەفیت.. بەرپرسیاریت)!

پاشان بۆ ئەوەی بە کردەوە چاکەکانیش لە خۆی بایی نەبێت، "قەدەر" ڕووبەڕووی دەبێتەوە و پێی دەڵێت: (سنووری خۆت بزانە.. تـۆ بـکەری ئەو کردەوانە نییت)!

بەڵـێ، قەدەر و جـوزئی ئیختیـاری لە بەرزترینـی پلەکـانی ئـیمان و ئیسـلامدان. بـۆ ئەوەش خـراونەتە نێـوان بابەتەکـانی ئـیمانەوە چـونکە دەروونی ئادەمیزاد ڕزگار دەکەن، قەدەر لە "غروور" ڕزگاری دەکـات و، جـوزئی ئیختیـاریش لەوەی کە هەسـت بە "بەرپرسـیاری" نەکـات. واتە هەرگیـز ئەم دوانە لە بـاس و بـابەتە زانسـتی و نەزەرییەکـان نـین تـا لە

ئەنجامدا بە تەواوی دژ و پێچەوانەی نهێنیی قەدەر و حیکمەتی جوزئی ئیختیاری دەربچن و، دەست لە داوێنی "قەدەر" گیر بکرێت بۆ خۆ قوتارکردن لە بەرپرسیاریی ئەو کردەوە خراپانەی کە دەروونە خراپکارەکان ئەنجامیان داون و، پاشان ئەو کردەوە چاکانەش - کە وەك نیعمەت پێی بەخشراون - شانازییان پێوە بکرێت و بە هی "جوزئی ئیختیاری" دابنرێن!

بەڵێ، ئەو عەوامانەی کە نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی پەی بەم نهێنییەی قەدەر ببەن، دەچن لە چەند جێگایەکی دیاریکراودا بەکاری دەهێنن. لە ڕاستیدا ئەو جێگایانەی کە قەدەریان بۆ بەکار دێت تەنها بریتین لە کاروبارە ڕابوردووەکان و بەڵا و موسیبەتەکان. چونکە لەو بوارانەدا "قەدەر" دەبێت بە چارەسەری خەم و نائومێدی. بەڵام هەرگیز ڕەوا نییە کە قەدەر لە بوارەکانی گوناهـ و تاوان و ڕووداوەکانی ڕۆژگارانی داهاتوودا بەکار بهێنرێت و، قەدەر لەو بوارانەدا هەرگیز یارمەتیدەری گوناهکاری و سستی کردنی مرۆڤ نییە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی ئەستۆیدا.

بەو واتایەی کە "**مەسەلەی قەدەر**" بۆ ڕاکردن نییە لە دەست تەکلیف و بەرپرسیاری، بەڵکو بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤە لە "بەخۆنازین" و "لەخۆبایی بوون". هەر لەبەر ئەوەش خراوەتە نێوان مەسەلەکانی ئیمانەوە..

بەڵام "**جوزئی ئیختیاری**" بۆ ئەوە ڕۆشتووەتە ناو باسەکانی عەقیدەوە تاکو ببێت بە مەرجەعی گشت خراپکارییەکان، نەك سەرچاوەیەك بێت بۆ کردەوە چاکەکان. واتە بۆ ئەوەی ئەو کردەوە چاکانە مرۆڤ بەرەو سەرکەشی و فیرعەونایەتی نەدەنەبەر.

بەڵێ، قورئانی پیرۆز دەریدەخات کە مرۆڤ بە تەواوەتی بەرپرسیاری کردەوە خراپەکانیەتی، چونکە مرۆڤ خۆی ئەو کردەوە خراپانەی "ویستووە". جا لەبەر ئەوەی کردەوە خراپەکان لە بابەتی "ڕووخاندن"ن ئەوا مرۆڤ دەتوانێت تەنها بە یەك کردەوەی خراپ وێرانکارییەکی گەورە ئەنجام بدات، وەك ئەوەی بە یەك دەنکە شقارتەماڵێکی تەواو بسووتێنێت. هەر لەبەر ئەوەیە کە شایستەی تۆڵەیەکی یەکجار گەورە دەبێت.

بەڵام لە کردەوە چاکەکاندا، مرۆڤ مافی شانازی و بەخۆنازینی نییە، لەبەر ئەوەی بەشی ئەو لە کردەوە چاکەکاندا یەکجار کەمە، چونکە تەنها "میهرەبانی"ی خوای گەورە "داخوازی" ئەو کردەوە چاکانە بووە و "ویستوویەتی" ئەنجام بدرێن و.. "توانست"ی پەروەردگاریش ئەو کردەوانەی بەدی هێناوە..

کەواتە پرسیار و وەڵام و هۆکار و داخواز بۆ کردەوە چاکەکان هەموویان لە لایەن خوای گەورەوەن، مرۆڤیش تەنها بە نزا و لاڵانەوە و ئیمان و هەستی ڕازیبوون لەو کردەوە چاکانە، دەبێت بە خاوەنیان. کەچی کردەوە خراپەکان وا نین، ئەوەتا دەروونی مرۆڤ خۆی - چ بە ئامادەبوون و لێهاتن و چ بە ئیختیار - ویستوویەتی ببن. بە وێنەی ئەو ماددانەی کە لە ڕێی بەرکەوتنی تیشکی ڕووناکیی جوان و درەخشانی خۆرەوە بۆگەنی بەدەست دەهێنن و ڕەش دەبنەوە، چونکە ئەو ڕەشییە هی توانا و لێهاتنی خودی ماددەکانە!

بەڵام دەبێ بزانین کە ئەو کەسەی بەپێی یاسایەکی خوایی پڕ لە بەرژەوەندیی زۆر و زەبەندە ئەو خراپکارییانە بەدیدەهێنێت، هەر تەنها

خــوای گەورەیە. واتە هۆکــار و داخــوازی ئەو خراپکارییــانە لە نــاخی "دەروون"ی مرۆڤەوەن، بۆیە بەرپرسیاریی ئەو کردەوانەی لە ئەستۆدایە..

بەڵام "دروستکردن" و "بەدیهێنانیـان" کە تـایبەتە بە خـوای گەورەوە، کارێکی جوانە، چونکە ئەم بەدیهێنانە گەلێ بەروبـووم و ئەنجـامی تـری جوانی هەیە، کەواتە بەدیهێنانیان کارێکی خێرە.

لەم نهێنییەوە دەردەکەوێت کە:

بەدیهێنان(خَلْق)ی شەڕ، شەڕ نییە، بەڵام بەدەستهێنان(کَسْب)ی شەڕ بە شــەڕ دادەنرێــت. چــونکە ئەو مــرۆڤە تەمــبەڵەی زیــانی لە بــارانەوە پێگەیشتووە - ئەو بارانەی کە گەلێ بەرژەوەندیی تێدایە - مافی ئەوەی نییە بڵێت: باران میهرەبانی نییە.

بەڵێ، دروستکردن و بەدیهێنانی شەڕ، وێڕای ئەو شەڕە جـوزئییەی کە تیایدایە، گەلێ خێری زۆر و زەبەندەشی لەخۆ گرتووە.

خۆ ئەگەر لەبەر پەیدانەبوونی ئەو شەڕە جوزئییە دەست لەو بەدیهێنانە هەڵبگیرایە و ئەو هەموو خێرە زۆرانە وازیان لێ بهێـنرایە، ئەوا شــەڕێکی گەلێ زۆر و زەبەندە ڕووی دەدا! لەبەر ئەوەیە کە ئەو "شەڕ"ە جوزئییەش هەر بە"خێر" دادەنرێت، یان لە حوکمی "خێر"دا دەبێت!

دەبێ بیشزانین کە هەرگیز هیچ شەڕ و ناشیرینییەك لە بەدیهێنـانەکەی خــوای گەورەدا نیــیە، بەڵکــو گەر هەر شــەڕێك ببێــت دەگەڕێــتەوە بــۆ بەدەستهێنان و توانا و لێهاتنی بەندەکانی.

ئنجـا هەروەك لە ڕووی ئەنجـام و بەروبوومەکـانەوە قەدەری خــوای گەورە دوور و خــاوێنە لە ســتەم و ناشــیرینی، لە ڕووی عــیللەت و هۆکاریشەوە هەر خاوێنە لێیان. چــونکە قەدەری خـوای گەورە ڕووی لە

هۆکار و عیللەتە ڕاستەقینەکانە، بۆیە بە عەدالەت ڕەفتار دەکات. بەڵام خەڵکی حوکم و بڕیارەکانیان لەسەر ئەو هۆکارە ڕواڵەتییانە بنیات دەنێن کە بە چاو دەیانبینن، بۆیە لە ناوەندی عەدالەتی خودی قەدەردا ئەوان لە بڕیارەکانیاندا ستەم دەکەن!

بۆ نموونە: وا دابنێ حاکمێك بە تۆمەتی دزییەك کە تۆ نەتکردووە، بڕیاری زیندانیت لەسەر دەربکات، بەڵام هەر لەو کاتەدا کێشەی "قەتڵ"ێکی پەنهانیشت لە ئەستۆدا بێت کە جگە لە خوای گەورە کەسی تر پێی نەزانێت..

لەم حاڵەتەدا قەدەری خوای گەورە بڕیاری بەندیی لەسەر دەرکردوویت، بڕیارەکەشی عادلانەیە، لەبەر ئەو قەتڵەی کە خەڵکی پێی نازانن.. کەچی حاکم ستەمی لێکردوویت، چونکە بڕیاری زیندانیی لەسەر تۆمەتی دزییەك بۆ دەرکردوویت کە تۆ لێی بەری و بێ ئاگایت.

بەم جۆرە دەرکەوت کە:

لە تەنها یەك شتدا دوو ڕوو دەردەکەون: ڕووی دادگەری و بەدیهێنانی خوای گەورە.. هەروەها ڕووی ستەم و بەدەستهێنانی مرۆڤ.

بۆ خۆت شتانی تر بەپێی ئەم نموونەیە لێك بدەرەوە.

واتە لە ڕووی سەرەتا و ئاکام و ئەسڵ و فەرع و هۆکار و ئەنجامەکانەوە، قەدەر و بەدیهێنانی خوای گەورە دوور و خاوێنن لە شەڕ و ناشیرینی و ستەم.

ئەگەر بوترێت:

مادەم "جوزئی ئیختیاری" توانای بەدیهێنانی نییە و، جگە لەو بەدەستهێنانەی کە لە حوکمی شتێکی گوێرەیی(إعتباری)دایە هیچی تر لە دەستی مرۆڤدا نییە، ئیتر بۆچی قورئانی پیرۆزی خاوەن ئیعجازی بەیان لە

بەرامبەر سەرپێچی و ملنەدانی مرۆڤ بۆ فەرمانەکانی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی، سکاڵای گەورە گەورە لە دەست ئەم مرۆڤە دەکات، تەنانەت مرۆڤی لە دۆخی دوژمنێکی ملنەدەری لاسار و سەرسەختدا دەرخستووە، بگرە بۆ یارمەتیدانی بەندەیەکی ئیماندار لە بەرامبەر ئەو مرۆڤە ملنەدەرەوە، خوای گەورە سوپای مەلائیکەت دەنێرێت، تەنانەت خواوەندی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی هەر بۆ خۆیشی پشتی دەگرێت و یارمەتیی دەدات؟! ئایا ئەم گرنگییە لەڕادەبەدەرە بەم مرۆڤە ملنەدەرە لە پێی چی؟

وەڵام:

چونکە "کافری" و "گوێڕایەڵی نەکردن" و "خراپکاری" - هەر هەموویان - بریتین لە ڕووخاندن و نەبوون و، لەبەر ئەوەش کە دەگونجێت گەلێ کاولکاریی زەبەندە و مەزن و نەبوون(عَدَم)ی بێسنوور لە تەنها یەك کاری گوێرەیی و عەدەمییەوە پەیدا ببن..

ئەوەتا هەروەك ئەگەر کەشتیوانی کەشتییەکی زەبەلاح ئەرکی سەرشانی خۆی جێبەجێ نەکات، کەشتییەکە نوقم دەبێت و ئەنجامی کرد و کۆششی هەموو کارگوزارانی ئەو کەشتییە بە فیڕۆ دەدات و، لە پشتگوێ خستن و ئەنجامنەدانی تەنها یەك کارەوە ئەو هەموو کاولکارییە گەورانە پەیدا دەبن..

"کافری" و "سەرپێچی"ش بەرامبەر خوای گەورە بە هەمان جۆرن، چونکە جۆرێکن لە "نەبوون" و "کاولکاری". ئەوەتا "جوزئی ئیختیاری" دەتوانێت لە ڕێی کارێکی ئیعتیبارییەوە بیانبزوێنێت و بیانکات بەهۆی سەرهەڵدانی گەلێ ئەنجامی سامناك! چونکە هەرچەندە "کوفر" لە

خۆیدا تەنها یەك تاوانە، کەچی لە ناوەرۆکدا بریتییە لە سووکایەتی کـردن بە هـەمـوو بـوونەوەران لەو ڕووەوە کە بێنرخـی و بێمەبەسـتییان دەداتە پـاڵ و.. بـریتییە لە بەدرۆخسـتنەوەی سـەرجەم ئەو بـوونەوەرانەی کە بەڵگەی "یەکتایی"ی خوای گەورەن و.. شێواندن و ئاڵۆزاندنی سـەرجەم درەوشانەوەکانی ناوە جوانەکانی خواوەندیشە..

لەبەر ئەوە، هەڕەشەی توندوتیژ و سـامناکی خـوای گەورە، بە نـاوی سەرجەمی بـوونەوەران و گشـت نـاوە جوانەکـانیەوە، لە مرۆڤـی کـافر، عەینـی حـیکمەتە و.. ئازاردانیشـی بە سـزایەکی هەمیشـەیی، عەینـی دادگەرییە!

ئنجا لەو ڕووەوە کە مـرۆڤ، بە کـافری و سـەرپێچی کـردن، لایەنی کاولکاری دەگرێت و، ئەنجامـدانی کـارێکی جـوزئیش دەبێـت بەهـۆی ئەنجامدانی کاولکارییەکی گەلێ سامناك، ئەوا ئەهلی ئیمان بەرامبەر بەو کاولکارانە پێویسـتیان بە چـاودێرییەکی مەزنی خـوایی دەبێـت، چـونکە ئەگەر پارێزگـاری و ئـاوەدانکردنەوەی خـانوویەك بە دە پیـاوی بەهێـز بسپێررێت، هەر تەنها هەوڵدانی سووتاندنی ئەو خانووە لە لایەن منالێکی خراپکارەوە ئەو دە پیاوە بەهێزە ناچار دەکات دەستەودامێنی خـاوەنی ئەو منالە ببن و تەنانەت هانا بۆ لای پادشایش بەرن..

لەبەر ئەوە، ئیمانداران گەلێ پێویسـتیان بە چـاودێریی خـوای گەورە هەیە، تاکو بتوانن لە بەرامبەر ئەو خراپکارانەوە خۆیان ڕابگرن.

لەمانەی پێشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە:

ئەو کەسەی لە "قەدەر" و "جوزئی ئیختیاری" دەدوێت ئەگەر خاوەنی ئیمانـێکی کامـڵ و دڵـێکی دامەزراو بێـت، ئەوا کاروبـاری سـەرجەم بوونەوەران تەنانەت خۆیشی بۆ خوای گەورە دەگێڕێتەوە و، لەو باوەڕەدا

دەبێت کە هەموو کاروبارێك لە ژێر دەستەڵاتی خواوەندایە و بەکارسازیی خوای گەورە ئەنجام دەدرێت..

ئەو جۆرە کەسە مافی ئەوەی هەیە کە قسە لە قەدەر و جوزئی ئیختیاری بکات، چونکە دەزانێت چ خۆی و چ هەموو شتێکی تر لە خوای گەورەوەیە و، "بەرپرسیاری" دەخاتە ئەستۆی جوزئی ئیختیاریی خۆیەوە کە بە سەرچاوەی هەموو خراپکارییەکانی دادەنێت. ئیتر بەم پێیە پەروەردگاری خۆی لە بیروباوەڕیدا بە خاوێنی ڕادەگرێت و، لە بازنەی "بەندایەتی"دا دەمێنێتەوە و، مل بۆ داخوازی و تەکلیفەکانی خوای گەورە کەچ دەکات و دەیانخاتە ئەستۆی خۆیەوە و، لە کردەوە چاکەکانیشیدا بۆ "قەدەر" دەڕوانێت تاکوو گرفتاری لەخۆباییبوون نەبێت. ئیتر لە بریی فەخر و شانازی، شوکرانەبژێری پەروەردگاری دەبێت و، لەو بەڵا و موسیبەتانەشدا کە دێنە ڕێی، سەیری "قەدەر" دەکات و ئارام دەگرێت.

بەڵام گەر ئەو کەسەی کە لە قەدەری ئیلاهی و جوزئی ئیختیاری دەدوێت، لە بێئاگایان بێت، ئەوا مافی لێدوان و دەم وەردانی لەو باسانەدا نییە! چونکە بە هاندانی بێئاگایی و گومڕاییەوە "دەروونی بەدخواز"ی ئەو کەسە، سەرجەمی بوونەوەران - کە هی خوای گەورەن - بۆ هۆکارەکان دەگێڕێتەوە و، خۆی بە خاوەنی خۆی دەبینێت و، کردارەکانی دەداتە پاڵ خۆی و هۆکارەکان. کەچی کەمتەرخەمی و بەرپرسیارییەکان دەخاتە ئەستۆی قەدەرەوە! دیارە ئەو کاتەش باسکردنی قەدەر و جوزئی ئیختیاری - بەم بۆچوونە - بە کارێکی ناڕەوا دادەنرێت و، فێڵێکی دەروونییە بۆ خۆ دەربازکردن لە "بەرپرسیاری". کە ئەمەش پێچەوانەی حیکمەتی قەدەر و نهێنیی جوزئی ئیختیارییە!

باسی دووهەم

ئەم باسە توێژینەوەیەکی وردی زانستییە و تایبەتە بە زانایانەوە[1]

ئەگەر دەڵێیت: قەدەر و جوزئی ئیختیاری چۆن پێکدێن و بە یەکەوە دەسازێن؟

لە وەڵامدا دەڵێین: بە حەوت ڕوو:

ڕووی یەکەم: ئەو خواوەندە دادگەر و دانایەی کە سەرجەمی بوونەوەران، بە زمانی ڕێکوپێکی و هاوسەنگییان، شایەتی لەسەر دادگەری و دانایییەکەی دەدەن، ئەو خواوەندە، جوزئێکی ئیختیاریی ماهییەت نەزانراوی بە مرۆڤ بەخشیوە، تاکو ببێت بە خولگەی تۆڵە و پاداشتەکان..

جا هەروەك خواوەندی دادگەری دانا گەلێ حیکمەتی هەیە کە لە ئێمە پەنهانن، بە هەمان جۆر، چۆنێتیی تەوفیق خستنیش لە نێوان قەدەر و جوزئی ئیختیاریدا پەنهان و شارراوەیە لێمان، بەڵام پەینەبردنی زانیاریی ئێمە بە چۆنێتیی ئەو تەوفیقخستنە ئەوە ناگەیەنێت کە لە ڕاستیدا نییە.

دووهەم: بێ هیچ گومانێك هەموو مرۆڤێك لە خۆیدا هەست بەوە دەکات کە هەست و ئیختیارێکی هەیە و، بە هەستی ناخ(وجدان)ی خۆی بوونی ئەو ئیختیارە دەزانێت. ئنجا زانینی ماهییەتی بوونەوەران جیاوازە لە زانین و پەیبردن بە "بوون"یان. ئەوەتا بوونی زۆر شت

(١) ئەم باسی دووهەمە قوولترین و سەختترین مەسەلەی قەدەرە و، بابەتێکی عەقیدەیی زانستی کەلامە و، لای زانا لێکۆڵەرەکان بایەخێکی گەورەی هەیە و، پەیامەکانی نوور بە تەواوەتی شییان کردووەتەوە. (دانەر)

بەڵگەنەویستە لە لامان، کەچی سەبارەت بە ئێمەوە ماهییەتەکەی تا ئێستا نەزانراوە چییە. جا ئەم جوزئە ئیختیارییەش دەگونجێت یەکێك بێت لەو زنجیرەیە. خۆ هەموو شتێك لە چوارچێوەی زانیاریی ئێمەدا نییە و، ئاگادار نەبوونمان لە هەر شتێك بەڵگەی نەبوونی ئەو شتە نییە.

سێهەم: "جوزئی ئیختیاری" پێچەوانەی "قەدەر" نییە، بەڵکو قەدەر پشتی جوزئی ئیختیاری دەگرێت، چونکە قەدەر جۆرێکە لە زانستی خوای گەورە، خۆ زانستی خوای گەورەش پەیوەندیی بە ئیختیاری ئێمەوە بەستووە. لەبەر ئەوە، قەدەر پشتی ئیختیار دەگرێت و بەتاڵی ناکاتەوە.

چوارەم: قەدەر جۆرێکە لە زانست. خۆ "زانست"یش شوێنکەوتەی "زانراو"ە[1]. واتە زانراوەکە لەسەر هەر چۆنێتییەك بێت، زانست بە تەواوەتی دەیگرێتەوە و ئاگای لێی دەبێت و پەیوەندیی پێوە دەبەستێت و، هەرگیز بە پێچەوانەوە نییە تا زانراو شوێنکەوتەی زانست بێت..

واتە یاسا و دەستوورەکانی زانست بناغەیەك نین بۆ ئەوەی (لە ڕووی بوونی دەرەکییەوە) زانراوەکە هەڵبسوورێنن، چونکە زات و بوونی دەرەکیی خودی زانراوەکە چاوی لە ویست(إرادة)ە و پاڵی بە توانست(القدرة)ەوە داوە.

ئنجا "ئەزەل"یش بریتی نییە لە کۆتایی زنجیرەی ڕابوردوو، تاکو بکرێت بە بناغەیەك بۆ بوونی شتان و، بە ناچاری شتان بەو پێیە تەسەوور بکرێن. نەخێر.. بەڵکو ئەزەل وەك دەورەدانی ئاسمان وایە بە زەویدا و، بە وێنەی دەرکەوتنی شتان لەناو ئاوێنەیەکدا کە لە بەرزاییەوە دابنرێت ئەزەلیش دەورەی ڕابوردوو و ئێستا و ئایندەی داوە. لەبەر ئەوە، هەرگیز

---

(١) "العلمُ تابعٌ للمعلوم" دەستوورێکی بەناوبانگە. (وەرگێڕ)

کارێکی ڕاست و ڕەوا نییە کە مرۆڤ - بە خەیاڵ - سەرەتایەك لە لایەنی ڕابووردوودا بۆ ئەو زەمانە درێژخایەنە دابنێت کە لە بازنەی "مومکینات"دایە و پاشان بچێت ناوی "ئەزەل"ی لێ بنێت و، ئنجا شتانیش بە نۆرە و یەك لە دوای یەك بڕۆنە ناو ئەو زانستە ئەزەلییە و، مرۆڤ - بە وەهمی خۆی - خۆیشی لە دەرەوەی ئەو زانستە ئەزەلییە دابنێت و، پاشان لەسەر ئەم بناغەیە داوەرییەکی ژیری (موحاکەمەیەکی عەقڵی) ساز بکات!

سەیری ئەم نموونەیە بکە، با ئەم نهێنییەت بۆ ئاشکرا ببێت:

ئەگەر ئاوێنەیەکت لە دەستدا بێت و وات دانا کە ئەو ماوە(مسافة)یەی دەکەوێتە لای ڕاستی ئاوێنەکە ڕابوردوو بێت و ماوەکەی لای چەپیشی داهاتوو بێت. جا ئەو ئاوێنەیە تەنها ئەو شتانەی تێدا دەردەکەون کە لە بەرامبەریەوەن و بە یەك تەرتیبی یەك لە دوای یەکی دیاریکراو هەردوو لاکەی تێدا دەردەکەون و، زۆربەی ئەو دوو لایەی پێکەوە تێدا جێ نابێتەوە، چونکە تا ئاوێنەکە نزمتر بێت ماوەی کەمتری تێدا دەردەکەوێت، بەڵام ئەگەر ئاوێنەکە تا دەتوانرێ بەرز بکرێتەوە ئەوا بازنەکەی بەرامبەریشی تێدا فراوان دەبێت، بەم جۆرە هەتا وردە وردە ئاوێنەکە سەربخرێت ئەوا لە یەك کاتدا هەردوو ماوەکەی تێدا دەردەکەون و، ئاوێنەکە لەم دۆخەیدا هەموو ئەو حاڵەتانەی تێدا دەبینرێن کە لە هەردوو ماوەکەدا ڕوو دەدەن. ئیتر لەم کاتەدا ناوترێت کە: ئەو حاڵەتانەی لە یەکێکی ئەو دوو لایەدا ڕوو دەدەن پێش ئەوی تریانە، یان دوای ئەوی تریانە، یان وەکو یەك وان.

قەدەری خوای گەورەش بە هەمان جۆرە، چونکە لەبەر ئەوەی بەشێکە لە "زانستی ئەزەلی" و، زانستی ئەزەلیش وەك فەرموودەی پیرۆز

دەری خستووە: (لە پلەیەکی هێندە بڵـنددایە کە سـەرجەمی ئەو شـتانەی بوون و ئەوانەش کە لەمەولا دەبن، دەگرێتەوە) ئەوا نە ئێمە و نە داوەرییە ژیرییەکانمان، لەم زانستە بەدەر نیین تاکو خۆمان لە دەرەوەی ئەم زانسـتە دابنێـین و تەنهـا بە ئـاوێنەیەك تەسـەووری بکەیـن کە کەوتبێـتە مـاوەی ڕابوردووەوە!!

پێـنجەم: قەدەری خـوای گەورە بە تەنهـا یەك تەعەللـوق و پـێکەوە پەیوەنـدی دەکـات بە هەریەك لە "هۆکـار" و "بەهـۆکراو". واتە ویسـتی خـــوای گەورە جارێـــك پەیوەنـــدی ناکـــات بە "موســـەببەب" واتە بەهۆکراوەکەوە و جارێکی تریش بە " سەبەب" واتە بە هۆکارەکەوە.

بە واتـایەکی تـر: ئەو "بەهـۆکراو"ە بەو "هۆکـارە" ڕوو دەدات. لەبەر ئەوە، نـــابێ بوترێـــت: مـــادەم مـــردنی فـــڵان کەس لە فـــڵان کاتـــدا دەستنیشان(تقدير) کراوە، ئیتر ئەو مرۆڤە تاوانی چییە کە لە ڕێـی ویسـتە جوزئییەکەیەوە بە تفەنـگ تەقەی لـێ دەکـات؟ خـۆ ئەگەر تەقەشی لـێ نەکردایە هەر دەمرد!

پرسیار: بۆچی دەبێ ئەمە نەوترێت؟

وەڵام: چونکە "قەدەر" مردنی ئەوی بەو تفەنگە دەستنیشـان کـردووە، کەواتە ئەگەر وا دابنێیت ئەو تەقەی لـێ نەکـات ئەوا لەو کـاتەدا ئەوەش دادەنێیت کە قەدەر پەیوەنـدیی بە مـردنیەوە نەدەکـرد، ئیـتر بەچـی بڕیـار دەدەیت کە هەر دەمرد؟!

مەگەر ڕێبازی سوننەت و جەماعەت واز لێ بهێنیت و بڕۆیتە ناو ئەو تاقمە گومڕایانەی کە تەسەووری قەدەرێـکی جیایـان بـۆ "هۆکـار"ەکە و قەدەرێکی تریان بۆ "بەهۆکراو"ەکە کردووە، وەك جەبرییەکان..

یان "ئینکاریی قەدەر" بکەیت بە وێنەی موعتەزیلەکان.
بەڵام ئێمەی ئەهلی حەق دەڵێین:
ئەگەر تەقەی لێ نەکردایە مردنەکەی لای ئێمە نەزانراوە. جەبرییەکـان دەڵێن: تەقەشی لێ نەکردایە هەر دەمرد. کەچـی موعتەزیلەکـان دەڵـێن: گەر تەقەی لێ نەکات نامرێت.
شەشەم[١] : "مەیەلان" کە بناغەی سەرەکیی جوزئی ئیختیارییە، بەلای ڕێڕەوی "ماتوریدی"یەوە شتێکی "ئیعتباری"یە و دەکرێ بە دەستی مرۆڤ بێـت، کەچـی بەلای ڕێـڕەوی "ئەشـعەری"یەوە شـتێکی مەوجـوودە و بەدەسـت مـرۆڤ نیـیە. بەڵام پێیـان وایە کە هەڵسـوکەوت کـردن لەم مەیەلانەدا شتێکی ئیعتبارییە و بە دەستی مرۆڤە.
لەبەر ئەوە، چ ئەو مەیەلانە و چ هەڵسوکەوت کردن تیایدا، دوو شـتی ئیعتیبـارین و بـوونی دەرەکیـی ڕاسـتەقینەیان نیـیە. خـۆ بـوونی شـتی گوێرەییش پێویستی بە هۆکارێکی تەواوەتیی ئەوتۆ نیـیە کە بە زەروورەت داخوازی هەڵگرتن و نەهێشتنی ئیختیار بێت، بەڵکو ئەگەر هۆکـاری ئەو شـتە گـوێرەییە کەوتە دۆخـی پـلەی "ڕوجحـان"ەوە، ئەوا دەگـونجێ بمێنێتەوە و دەشگونجێ هەر لەو دەمەدا مرۆڤ وازی لێ بهێنێت، ئـا لەو ساتەدا قورئان بە مرۆڤ دەڵێت: ئەمە کردەوەی خراپە، مەیکە!
بەڵێ، ئەگەر مرۆڤ بەدیهێنەری کردارەکانی بوایە و توانای بەدیهێنانی ببوایە ئەوا ئیختیار لە گۆڕێدا نەدەما و هەڵـدەگیرا، چـونکە دەسـتووری بڕیاردراوی زانستی ئوسووڵ و حیکمەت لەم بـوارەدا ئەوەیە کە: "مـا لم یجِـبْ لم یوجَـد" واتە گەر هەر شـتێك بـوونی پێویسـت نەبێـت نـایەتە

---

(١) ڕاستیەکە تایبەتە بە زانایانی تەواو وردەکارەوە. (دانەر)

"وجوود". بەو واتایەی دەبێ ئەو شتە "هۆکاری تەواوەتی"ی هەبێت ئنجا دێتە وجـوود. خـۆ "هۆکـاری تەواوەتی"ش بە "زەروورەت" و "وجـوب" داخوازی بەهۆکراو(معلول)ەکە دەبێت. ئەو کاتەش "ئیختیار" لە گۆڕێـدا نامێنێت!

ئەگەر دەڵێـت: (تەرجیحـدانی بـێ تەرجیحـدەر کـارێکی مەحـاڵە، کەچی بەدەستهێنان(کَسْب)ی مـرۆڤ، کە تـاوێ بە ئەنجامـدانی کـار و تاوێکی تر بە ئەنجامنەدانی، ناوی شتی ئیعتیباریتان لێ نـاوە، داخـوازی ئەوە دەبێت کە لە کاتی نەبوونی تەرجیحدەری موجیبـدا تەرجیحـی بـێ تەرجیحـــدەر بـــدرێت، ئەمەش گـــرنگترین بناغەکـــانی زانســـتی کەلام هەڵدەوەشێنێتەوە)؟!

وەڵام: خۆتەرجیحـــدان(الـــترجُّح)ی بـــێ تەرجیحـــدەر (واتە بـــێ هۆکـارێکی تەرجیحـدەر) مەحـاڵە، نەك تەرجیحـدان(الترجیح)ی بـێ تەرجیحدەر، کە دروستە و لە واقیعدا هەیە. چونکە ویستی خوای گەورە - کە یەکێکە لە سیفەتەکانی - ئەم کارە دەگـرێتە ئەسـتۆ (واتە ئیختیـاری خوای گەورە دەبێت بە تەرجیحدەر).

ئەگەر دەڵێـت: مـادەم ئەو کەسـەی قەتـڵەکەی بەدی هێنـاوە خـوای گەورەیە، ئیتر بۆچی بە من دەوترێت: قاتڵ؟

وەڵام: بەپێـی دەسـتووری عیلمـی صـەرف: "ئیسـمی فاعـل"[١] لە "مەصدەر" وەردەگیرێـت کە شـتێکی گـوێزەییە و، هەرگیـز لە ئەنجـامی مەصـــدەرەکە وەرناگیرێـــت کە کـــارێکی ســـابت و دیـــاری کـــراوە. جـــا مەصـدەرەکە لەم کێشـەیەدا دەسـتکەوتەکەی ئـێمەیە و ئـێمە ناونیشـانی

---

(١) واتە: وەك "قاتڵ". (وەرگێڕ)

قاتڵمان لە ئەستۆدایە، بەڵام ئەنجـامی مەصـدەرەکە بەدیهـاتووی خـوای گەورەیە.

جا هەر شتێك بۆنی "بەرپرسیاری"ی لـێ بێـت هەرگیـز لە ئەنجـامی مەصدەرەکە وەرناگیرێت و لەو ئیشتیقاق ناکرێت.

حەوتەم: "ویستی جوزئی" یان "جوزئی ئیختیاری"ی مـرۆڤ لاوازە و شتێکی ئیعتیبارییە، کەچی خوای گەورە کە خاوەنی دانستی ڕەهـایە، ئەو ویسـتە جـوزئییە لاوازەی کـردووە بە مەرجـێکی ئاسـایی بـۆ ویسـتە کـوللییەکەی خـۆی. واتە وەك بڵێـی خـوای گەورە لە واتـا و ناوەرۆکـدا دەفەرموێت:

"ئەی بەندەکەی خۆم! تۆ هەر ڕێگایەك هەڵبژێریت من بۆ ئەو ڕێگـایە دەتدەمە بەر. لەبەر ئەوە، "بەرپرسیاری" تەنها لە ئەستۆی خۆتدایە".

بـۆ نمـوونە: ئەگەر منـاڵێکی دەستەوسـانی لاوازت لەسـەر شـانت هەڵگرت و سەربەستیت دایە دەست خۆی و پێـت وت: چ جێگایەکـت دەوێت دەتبەم بۆ ئەوێ، مناڵەکەش داوای کرد بـۆ سـەر چیـایەکی مەزن سەری بخەیت و تـۆش بـردت بـۆ ئەوێ. بەڵام منـاڵەکە لەوێ نەخـۆش کەوت یـان کەوتە خـوارەوە، بێگومـان پێـی دەڵێـت: تـۆ خـۆت داوای ئەمەت کرد. ئیتر سەرزەنشـتی دەکەیـت و، جـگە لە ئـازارەکەی خـۆی، ئازاری زللەی تەمێدانیشی بۆ زیاد دەکەیت!

خوای گەورەش - وَلِلّهِ المَثَلُ الأعلَى - بە هەمـان جـۆرە، ئەوەتـا ئەو خواوەندەی کە "أحکم الحاکمین"ە، "ویست"ی ئەم بەندەیەی خۆی، کە لەوپەڕی لاوازیـدایە، کـردووە بە مەرجـێکی ئاسـایی بـۆ ویسـتە هەمەکییەکەی خۆی.

پوختەی ئەم قسانە:

ئەی ئادەمیزاد! تۆ خاوەنی "ویست"ێکیت کە هەرچەندە لەوپەڕی لاوازیدایە، کەچی لە خراپکاری و کاولکاریدا دەستی درێژە و لە چاکەکاریدا دەستی کورتە. ئەم ویستەش ئەوەیە کە ناوی "جوزئی ئیختیاری"ی لێ نراوە.

جا تۆش - ئەی مرۆڤ! - "دوعا و پاڕانەوە" لەناو یەکێک لە دەستەکانی ئەو ویستەتدا دابنێ، تاکو درێژ ببێت و بگات بەو بەهەشتەی کە یەکێکە لە بەروبوومەکانی زنجیرەی چاکەکارییەکان و، بۆ ئەوەی بگەیت بە بەختەوەریی هەمیشەیی کە یەکێکە لە گوڵەکانی گوڵزاری بەهەشت..

دەستەکەی تری ئەو ویستەشت "داوای لێخۆشبوون"(الاستغفار)ی تێدا دابنێ، تاکو هێندە کورت ببێتەوە کە نەگاتە خراپکارییەکان و بەری ئەو درەختە نەفرەت لێکراوە کە درەختی زەققومی دۆزەخە!

واتە "پاڕانەوە و تەوەککول" هێزێکی گەورە بە مەیلی خێر دەبەخشن و، "تۆبە و ئیستیغفار"یش مەیلی خراپکاری دەشکێنن و ڕێ لە سنوورشکاندنەکانی دەگرن.

باسی سێهەم

باوەڕهێنـــان بە قەدەر، واتە بەوەی کە هەمـــوو شـــتێك بە تەقـــدیر و دەستنیشانکردنی خوای گەورەیە، یەکێکە لە پایەکانی ئیمان.

بەڵگە بێگومانەکانی قەدەریش هێندە زۆرن کە لە ژمارە نایەن، وا ئـێمە لێرەدا و لە ناوەندی پێشەکییەکدا، بە شـێوازێکی سـادە و ئاشـکرا، ڕادەی هێز و فراوانیی ئەم پایە ئیمانییە ڕوون دەکەینەوە.

پێشەکی:

هەمـــوو شـــتێك پـــێش ئەوەی ببێـــت و دوای ئەوەش کە دەبێـــت، لە کتێبێکدا نووسراوە. قورئانی پیرۆز لە زۆر ئایەتی پیرۆزیـدا بە ڕاشـکاوی ئەمەی ڕاگەیاندووە، وەك:

﴿وَلا رَطْبٍ وَلا يَابِسٍ إِلاَّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾ (الأنعام:٥٩).

ئنجـا سـەرجەمی بـوونەوەرانیش - کە قورئـانی گەورەی قـودرەتی خواوەنـدە - بە ئایەتەکـانی: ڕێســا و، هاوســەنگی و، ڕێکـوپێکی و، ئیمتیـاز و، وێنەکێشـان و، ئارایشـتدان و، ئـایەتە تەکوینییەکـانی تـری هاوچەشنیان، تەسدیقی ئەو حوکمەی قورئان دەکەن.

بەڵێ، نووسینە ڕێکوپێکەکانی کتێبـی بـوونەوەران و هاوسـەنگبوونی ئایەتەکانی، شایەتن لەسەر ئەوەی کە هەموو شتێك نووسراوە. بەڵـگەش لەسەر ئەوەی کە هەمـوو شـتێك پـێش ئەوەی پەیـدا ببێـت نـووسراوە و تەقدیر کراوە، هەموو ئەو "بنەما" و "تۆو" و "ئەندازە" و "وێنانە"ن کە دەبن بە شایەتی ڕاست لەسەری.. چونکە "تۆوەکان" - لە ڕاسـتیدا - بـریتین لە چەنـد وردیـلە سـندووقێکی ناسـك کە کـارگەی (ك.ن) دایهێنـاون و،

"قەدەر"یش پێڕستە بچکۆلەی وێنەی ئەوی تێدا داناوە و، توانستیش - بەپێی ئەندازەی دەستنیشانکراوی قەدەر - موعجیزە مەزنەکانی خۆی لەسەر ئەو تۆوە بچووکانە بنیات دەنێت و لەم پێناوەدا گەردیلەکان دەخاتە کار..

بەو واتایەی کە سەرجەمی ئەو کار و ڕووداوانەی بەسەر درەختدا دێن لە حوکمی ئەوەدان کە لە تۆوەکەیدا نووسرابن، چونکە تۆوەکان لە خۆیاندا سادەن و ماددەکانیشیان لە یەك دەچن و جیاوازییان لە نێوانیدا نییە.

پاشان میقدار و "ئەندازە"ی ڕێکخەری هەموو شتێك، بە ئاشکرا "قەدەر" دەردەخات. ئەوەتا ئەگەر بە وردی سەیری هەر زیندەوەرێك بکرێت دەردەکەوێت کە ئەو زیندەوەرە خاوەنی شێوە و ئەندازەیەکە و، دەڵێی لە قاڵبێك دەرهاتووە کە لەوپەڕی حیکمەت و وردەکاریدا بێت! بە ڕادەیەك کە دەریدەخات وەرگرتنی ئەو ئەندازە و شکڵ و شێوەیە لە لایەن ئەو زیندەوەرەوە یان هی قاڵبێکی ماددیی نائاسایی وەهایە کە تابلێی پێچاوپێچ و سووچ و پەنا و لار و لەوێریی تێدا بێت.. یاخود توانستی خوای گەورە بە قاڵبێکی مەعنەویی زانیاری و هاوسەنگی قەدەر ئەو شکڵ و شێوەیەی بە بەر بڕیوە و کردوویەتە بەر ئەو درەختە یان ئەو زیندەوەرە.

ئێستا سەرنج لەم درەختە یان لەم زیندەوەرە بدە، دەبینیت گەردیلە کەڕ و کوێرە بێگیانەکان، کە هیچ هەست و نەستێکیان تێدا نییە و شێوەشیان لە یەك دەچێت، لە گەشەکردنی شتان و ئەندامەکانی ئەو درەختە یان ئەو زیندەوەرەدا، دەجووڵێن و پاشان لە چەند سنوورێکی

دیاریکراودا بە وێنەی کەسێکی شارەزا و زانا بە جێ و شوێنی سوود و بەروبوومەکان ڕادەوەستن، پاشان شوێنەکانیان دەگۆڕن بە چەشنێك کە دەڵێی ئامانجێکی یەکجار مەزنیان لەم جێگۆڕینەدا ببێت!

واتە: "گەردیلەکان" بەپێی ئەم ئەندازە و قاڵبە مەعنەوییەی کە لە قەدەرەوە هاتووە و بەگوێرەی ئەو فەرمانە مەعنەوییەی کە لەو ئەندازەیەوە بۆیان دەردەچێت، دەجووڵێن و ڕەفتار دەکەن.

جا مادەم تا ئەم ڕادەیە قەدەر لە شتە ماددییە بینراوەکاندا ببێت و دەربکەوێت، ئەوا دەبێ بارودۆخی هەموو ئەو شتانەی کە هەن و ئەو وێنە و شێوانەش کە دەیانپۆشن و ئەو جموجووڵانەش کە بە درێژایی ڕۆژگار ئەنجامیان دەدەن، بە هەمان جۆر، هەموویان شوێنکەوتەی ڕێکوپێکیی ئەندازە دیاریکراوەکانی "قەدەر" بن.

بەڵێ، دوو درەوشانەوەی قەدەر لە "تۆو"دا هەیە، واتە بە دوو شێوە قەدەری تێدا دەردەکەوێت:

یەکەم: دەرکەوتنێکی "بەدیهی"یە و، بە ئاماژە "کیتابی موبین" دەردەخات، کە ناونیشانی ویستی خوای گەورە و فەرمانە تەکوینییەکانە.

دووهەم: دەرکەوتنێکی "نەزەری"یە، واتە بە ژیری پەیی پێ دەبرێت. ئەم یەکەیان بە هێما "ئیمامی موبین" ڕادەگەیەنێت کە ناونیشانی فەرمان و زانستی خوای گەورەیە.

هەرچی "قەدەری بەدیهی"یە ئەوا بریتییە لە بارودۆخ و، چۆنێتی و، شکڵ و شێوە "ماددی"یەکانی ئەو درەختە، کە هەموویان لەو تۆوەدا دانراون و لە پاشەڕۆژدا بەرجەستە دەبن و بە چاو دەبینرێن.

"قەدەری نەزەری"ش بریتییە لەو بارودۆخ و شکڵ و شێوە و جموجووڵ و تەسبیحاتانەی "درێژایی ژیانی درەخت" کە لەو تۆوە بەدی

دەهێنرێن و بە "مێژووی ژیانی درەخت" ناو دەبرێن. جا ئەو بارودۆخ و شکڵ و شێوە و کاروبارانە، هەموو کاتێك ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە ئەندازەیەکی قەدەریی ڕێکوپێکیان هەیە. وەك بە ئاشکرا لە پەل و گەڵای درەختەکاندا دەبینرێت.

جا ئەگەر لە شتە ئاسایی و سادەکاندا "قەدەر" ئاوا دەربکەوێت، ئەوا دەبێ شتان - پێش بوون و پەیدابوونیان - هەموویان لە کتێبێکدا نووسرابن. ئەمەش دەتوانرێت بە کەمێك بیر لێکردنەوە مرۆڤ لێی تێبگات و پەیی پێ ببات.

بەڵگەی ئەوەش کە هەموو شتێك - دوای پەیدابوونی - مێژووی ژیانەکەی نووسراوە، ئەو گشت بەروبوومانەیە کە هەواڵی "کیتابی موبین" و "ئیمامی موبین"مان دەدەنێ و.. هێزی پارێزکار(الحافظة)ی مرۆڤیشە کە ئاماژە بۆ "لوح المحفوظ" دەکات و هەواڵی بوونی ئەو لەوحە ڕادەگەیەنێت.. هەموو یەکێك لەمانە، نیشانە و شایەتێکی ڕاستن لەسەر نووسراویی مێژووی ژیانی شتان لە دوای پەیدابوونیان.

بەڵێ، "تۆو"ی هەموو بەرێك - کە لە حوکمی دڵی ئەو بەرەدایە - دواڕۆژ و مێژووی ژیانی سەرجەمی بەسەرهاتەکانی درەختەکەی تێدا دەنووسرێن.

هەروەها هێزی پارێزکاری مرۆڤیش - کە لە بچووکیدا هێندەی تۆوە خەرتەلەیەك دەبێت - دەستی "قودرەت"ی خوای گەورە زۆر بە وردی و بە قەڵەمی "قەدەر" مێژووی ژیانی مرۆڤ و بەشێك لە ڕووداوەکانی جیهانی ڕابوردووی ئەوی تێدا دەنووسێت. وەك بڵێی "هێزی پارێزکار"ی مرۆڤ بەڵگەنامە و پەیماننامەیەکی بچووکی لاپەڕەی کردەوەکان(صحیفة

الأعمال) بێت و، دەستی قـودرەت دابێتـی بە مـرۆڤ و، لە گۆشـەیەکی مێشکیدا بۆی دانابێت، تـاکو یـادی کـاتی لێپرسـینەوەی پـێ بکـاتەوە و دڵنیاشی بکات کە دروستکردنی ئەم ئاڵوگۆڕ و فەنا و زەوال و نەمانانە بۆ ئەوەیە کە ئاوێنەی "مانەوە" بن و خواوەندی بەتواناش وێنەی "هُویَّة"ی[1] شـتانی فـانی و لەناوچوویـان تێـدا دەکێشـێت و، چەنـد لەوحـێکن کە خواوەندی پارێزکاری زانا واتای شتە فانییەکانیان تێدا دەنووسێت.

لەمانەی پێشەوە تێدەگەین کە:

لە کاتێکدا ژیانی ڕووەك، کە نزمترین و سادەترینی جۆرەکـانی ژیـانە، تا ئەم ڕادەیە ملکەچی ڕێسای "قەدەر" بێت، ئەوا دەبێ ژیانی مـرۆڤ، کە لە بەرزترینـی پلەکـانی ژیانـدایە، بە خـۆی و سـەرجەم بەش و لـق و پەلەکانیەوە، بە قەڵەمی "قەدەر" نووسرابێت و شێوەکانیشـیان بە پێـوەری قەدەر کێشرابێت.

بەڵـێ، هەروەك دڵـۆپە بارانەکـان هەواڵـی هەوریـان پێـیە و، نمـی ئاوەکانیش بەڵگەی بـوونی کانیاوەکـانن و، بەڵگەنامەکـانیش ئامـاژە بـۆ بوونی تۆمارە گەورەکان دەکەن..

بە هەمان جۆر، بەری درەخت و، ئاوی مەنی و، ناوك و تۆوەکـان و، وێنە و شێوەکان، کە لەبەر چاوماندان و لە حوکمی چەند نمێکی قەدەری بەدیهـی (واتە ڕێکـوپێکیی مـاددیی نـاو زینـدەوەران)دان و، وەك چەنـد دڵۆپێکی قەدەری نەزەری (واتە ڕێکوپێکیی مەعنەوی و زیندەیی) وان و، بە وێنەی بەڵگەنامەکانی ئەو قەدەرە نەزەرییەن..

---

(١) هُویَّة: زاراوەیەکی فەلسەفییە، واتە: ئەو حەقیقەتە ڕەهایەی کە ڕاستییەکان لە ئامێز دەگرێت، کتومت وەك ئەو تۆوەی کە درەختەکەی لەخۆ گرتووە. بڕوانە: "التعریفـات للجرجانـي ص١٤٠". (وەرگێڕ)

هەموو ئەمانە، بە هەمان جۆر و بە بێگومانی، دەبن بە بەڵگە لەسەر:
"کیتابی موبین" کە تۆماری ویستی خوا و فەرمانە تەکوینییەکانیەتی و، "ئیمامی موبین"یش کە لەوحی مەحفووز و دیوانی زانیاریی خوای گەورەیە.

ئەنجام:

مادەم ئێمە دەبینین کە:

یەك بە یەکی گەردیلەکانی هەموو زیندەوەرێك، لە دەمی نەشونما و گەشەکردنیدا، بەرەو چەند سنوور و کۆتاییەکی لار و پێچاوپێچ دەڕوات و لەوێ ڕادەوەستێت و، ئنجا ڕێگاکەی دەگۆڕێت تاکو لەو کۆتاییانەدا حیکمەت و سوود و بەرژەوەندی بەرهەم بهێنێت، ئەوا بە ئاشکرا و بەداهەت دەزانرێت کە وێنەی ئەندازەی ڕواڵەتیی ئەو شتە بە قەڵەمی قەدەر نووسراوە.

بەم جۆرە، "قەدەری بەدیهی و بینراو" دەبێت بە بەڵگە لەسەر ئەو سنوورە ڕێکوپێك و بەرهەمبەخش و کۆتاییە بەسوودانەی حاڵەتە مەعنەوییەکانی ئەو زیندەوەرانە، کە ئەوانیش بە قەڵەمی قەدەر وێنەیان کێشراوە. کەواتە "قودرەت" سەرچاوەیە و "قەدەریش" ڕاستەیە، قودرەت لەسەر ڕاستەی قەدەر ئەو کتێبە مەعنەوییەی واتا و ناوەرۆکەکانی ئەو زیندەوەرە دەنووسێت و شێوەکەی دەکێشێت!

مادەم بە بێگومانی پەی دەبەین بەوەی کە هەرچی سنوور و بەروبووم و کۆتایی خاوەن حیکمەت هەن، تێکڕا بە قەڵەمی قەدەری ماددی و مەعنەوی وێنەیان کێشراوە، ئەوا دەبێ سەرجەمی ئەو حاڵەت و بارودۆخانەی زیندەوەریش کە لە درێژایی ژیانیدا بەسەریان دەبات، بە هەمان جۆر بە قەڵەمی ئەو قەدەرە نووسرابن و وێنەیان کێشرابێت،

چـونکە هەرچەنـد لە مـاوەی ژیانیـدا چەنـدین وێـنە و شـکڵ و شـێوە دەگۆڕێت، کەچی مێژووی ژیـانی بە ڕێکـوپێکی و بەپێـی ڕێسـا بەسـەر دەچێت. جا مادەم قەڵەمی قەدەر بەسەر هەموو زیندەوەراندا فەرمانڕەوا و دەستەڵاتدار بێت، بێگومان دەبێ مێژووی ژیانی مرۆڤیش - کە کامڵترینی بەروبوومی درەختـی جیهـان و، جێنشـینی زەوی و، هەڵگـری ئەمـانەتی هەرە مەزنە - لە هەموو شتێك زیاتر ملکەچی "یاسای قەدەر" بێت.

ئەگەر کەسێك بڵێت:

قەدەر کەلەپچەی کردووین و سەربەستیی لـێ سـەندووینەتەوە، ئایـا نابینیت "ئـیمان بە قەدەر" قورسـایی دەهـاوێتە سـەر "دڵ" و بێـزاریش لە "گیـان"دا پەیـدا دەکـات، لە کاتێکـدا کە "دڵ" و "گیـان" تاسـەمەندی سەربەستی و بڵاوبوونەوە و گەشت و گەڕانن؟

لە وەڵامدا دەڵێین:

نەخێر هەرگیز وا نییە.. "قەدەر" هەروەك نابێت بە مایەی دڵتەنگـی، لە هەمـان کاتیشـدا ڕۆحسـووکی و حەوانەوە و دڵخـۆشی و ڕوونـاکییەکی هێندە بێسنوور بە دڵ و گیانی مرۆڤ دەبەخشێت کە ئاسایش و ئارامی و حەوانەوە و دڵنیایی بۆ مرۆڤ دەهێنێتەدی..

چونکە ئەگەر مـرۆڤ ئـیمانی بە "قەدەر" نەبێـت دەبـێ لە بـازنەیەکی تەسك و لە نێوان سەربەستییەکی جوزئی و خۆڕزگارکردنێکی کاتیـدا، بە ئەندازەی دنیا کۆڵی قورس لە ئەسـتۆی لاوازی "گیـان"ی خـۆی بنێـت! چونکە مرۆڤ لە لایەکەوە پەیوەنـدیی لەگەڵ سەرانسـەری بوونەوەرانـدا هەیە و، ئامانج و ئاواتەکانیشی - لە لایەکی ترەوە - ئەوەندە زۆرن کە هەر کۆتاییان پـێ نـایەت، کەچـی لە بەرامـبەر هەمـوو ئەوانەوە توانسـت و

ویست و سەربەستییەکەی خۆی هێندە کەم و دەستکورتە کە هێشتا بەشی هێنانەدیی یەك لە ملیۆنی ئەو ئامانج و ئاواتانەی ناکەن!!

ئا لێرەدا تێدەگەین کە ئەگەر مرۆڤ ئیمانی بە قەدەر نەبێت چەندە گرفتاری قورسایی مەعنەوی دەبێت و تا چەندەش جیهانە مەعنەوییەکەی سامناك و ترسناك دەردەچێت!

بەڵام "ئیمان بە قەدەر" وا لە مرۆڤ دەکات کە هەموو ئەو کۆڵانە لە ئەستۆی خۆی دابماڵێت و بیانخاتە ناو کەشتیی قەدەرەوە! کە ئەمەش دەبێتە مایەی ئەوەی حەوانەوەیەکی تەواوی پێ ببەخشێت و، بەم ئیمانە مەیدانێکی یەکجار فراوانی هاتوچۆ کردن لە بەردەم "گیان" و "دڵ"ی مرۆڤدا دەکرێتەوە و لە ڕێی گەیشتنیان بە کەماڵاتیاندا بە سەربەستییەکی ڕاستەقینە و تەواو لەو مەیدانەدا دەڕۆن و هەنگاو دەنێن.

هەر ئەم ئیمانە، سەربەستییە جوزئییەکەی "دەروونی بەدخواز" لەو دەروونە دەسێنێتەوە و، فیرعەونایەتی و پەروەردگارێتییە(وەهمی)ەکەی دەشکێنێت و، لە هەڵسوکەوتە چەواشە و هەڵەشەکانی کەم دەکاتەوە و سنوورێکیان بۆ دادەنێت.

"ئیمان بە قەدەر" هێندە بەلەزەتە کە هیچ تام و چێژێکی دیکەی پێ ناگات و، بەختەوەرییەکە هیچ بەختەوەرییەکی تری لە دوا نییە! جا لەبەر ئەوەی ناتوانین پێناسەی "لەزەت" و "بەختەوەری" بکەین، ناچارین بەم نموونەیەی خوارەوە ئاماژەیان بۆ بکەین:

دوو پیاو پێکەوە دەڕۆن بۆ پایتەختی پادشایەکی مەزن و، دەچنە ناو کۆشکی پڕ لە شتانی سەیر و سەرسووڕهێنەری پادشاوە..

یەکێکیان: پادشا ناناسێت و، دەیەوێت بە دزییەوە لەناو کۆشکەکەدا نیشتەجێ ببێت و، ژیانی لەوێدا بە زەوتکردنی ئەو ماڵ و سامانانە بەسەر

بەرێت و، لەناو باخچەی کۆشکەکەدا کار بکات. بەڵام بەڕێوەبردن و کار بەڕێکردنی ئەو باخچەیە و ڕێکخستنی دەرامەتەکانی و بەگەڕخستنی مەکینە و ئامێرەکانی و ڕۆزیدانی زیندەوەرە نامۆ و سەیرەکانی و کارە قورسەکانی تری هاوچەشنی ئەمانە، گرفتاری نیگەرانی و دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامیان کرد، بە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە ئەو باخچە ڕەنگینە بەهەشت ئاسایەی لە بەرچاودا وەك دۆزەخێك لێ هات و نەیدەتوانی تیایدا بژی، چونکە خەفەت و ئازاری بەدەست هەموو ئەو شتانەوە دەچەشت کە لە سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنیاندا دەستەوسان دەبوو، هەردەم کاتەکانی بە ئاخ و حەسرەت و پەژارەوە بەسەر دەبرد. تا لە ئەنجامدا، لە تۆڵەی بێ ئەدەبی و ڕەفتاری هەڵە و خراپی خۆی و بۆ مەبەستی تەمێکردنی، خرایە ناو بەندیخانەوە.

بەڵام پیاوی دووهەم: پادشا دەناسێت و، خۆی بە میوانی ئەو دادەنێت و، لەو باوەڕەدایە کە سەرجەم کاروبارەکانی کۆشك و باخچەکە بەوپەڕی ئاسانی و بەپێی ڕێسا و یاسا و لەسەر بەرنامە و نەخشە و پلانێکی دەستنیشانکراو بەڕێوە دەبرێن و، هەرچی قورسی و ئەرکی سەخت هەن بە یاسای پادشای دەسپاردن و، بە دڵنیاییەکی تەواوەتی و بێگەردییەکی تەواو سوودی لە چێژ و لەزەتەکانی ئەو باخچە ڕەنگینە بەهەشت ئاسایە وەردەگرت و، دەیبینی هەموو شتێك بە ڕاستی جوانە و، پشتی بە سۆز و بەزەیی پادشا و جوانیی یاسا کارگێڕەکانی ئەو دەبەست.. بەم جۆرە، ژیانی خۆی لەوێدا، لە ناوەندی چێژ و لەزەت و بەختەوەریی تەواوەتیدا، بەسەر دەبرد.

بۆ خۆت لەم نموونەیەوە لە نهێنییەکی "مَنْ آمَنَ بالقَدَرِ أَمِنَ مِنَ الكَدَرِ" تێبگە!

باسی چوارەم

ئەگەر دەڵێیت: لە باسی یەکەمدا چەسپێنرا کە هەموو شتێکی قەدەر خێر و جوانە، تەنانەت ئەو شەڕەش کە لە قەدەرەوە دێت هەر خێرە و ناشیرینییەکەشی جوانە.. بەڵام خۆ ئەو بەڵا و موسیبەتانەی کە لەم خانەیەی دنیادا نازڵ دەبن ئەم بڕیارە زامدار دەکەن و ئەم چەسپانەش لە جێی خۆیدا دەلەقێنن؟

لە وەڵامدا دەڵێین:

ئەی نەفسی خۆم و ئەی هاوڕێکەم!

ئەی ئەو دوانەی کە لەبەر سۆز و شەفەقەتی لەسنووربەدەرتان ئازاری زۆر دەچێژن!

بزانن کە:

"**بوون**" سەرانسەر خێرە و.. "**نەبوون**"یش سەرتاپا شەڕ و خراپەی بێگومانە..

بەڵگەش لەسەر ئەمانە بریتییە لەوەی کە هەرچی چاکە و کەماڵات و ڕەوشت و خووی باش هەن هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ "بوون" و، بناغەی سەرجەمی گوناهەکان و بەڵا و موسیبەت و ناتەواوییەکانیش "نەبوون"ە.

جا لەبەر ئەوەی "نەبوون" شەڕێکی سەرتاسەرییە، ئەوا ئەو حاڵەت و بارودۆخانەی کە ئەنجامەکانیان "نەبوون"ە، یان بۆنی "نەبوون"یان لێ دێت، ئەوانیش بە هەمان جۆر شەڕیان لەخۆ گرتووە..

لەبەر ئەوە، ئەو "ژیان"ەی کە درەخشانترین ڕووناکیی "بوون"ە بە ئاڵوگۆڕبوونی لە نێوان چەند حاڵەتێکی جۆراوجۆردا، بەهێز دەبێت و..

بە چەنـد بـارودۆخێکی جیاجیـا کە دێـنە ڕێـی، پـاڵفتە دەبێـت و.. بەو چـۆنێتییە جۆراوجـۆرانەی کە دەیـانگرێتەخۆ، ئەو بەروبوومـانە بەرهەم دەهێنێت کە لێیەوە چاوەڕوان دەکرێن و.. بەو قۆنـاغە جیاجیایـانەش کە یەك لە دوای یەك دەیانگۆڕێت، نەخـش و نیگارەکـانی نـاوە جوانەکـانی "بەخشندەی ژیان" بە چەشنێکی ناسك و نیان ڕوون دەکاتەوە.

لەسەر بناغەی ئەم ڕاستییە، گەلـێ حـاڵەت و بـارودۆخی جیاجیـا لە شێوەی ئازار و بەڵا و موسیبەت و گیروگرفتدا دێنە ڕێـی زینـدەوەران و، بەمانەش ڕووناکییەکانی "بوون" لە ژیانی ئەواندا بەردەوام نوێ دەبنەوە و، تاریکاییەکانی "نەبوون"یشیان لێ دوور دەکەوێـتەوە و، بەم پێـیە ژیانیـان پـاڵفتە دەبێـت و خـاوێنی بەدەسـت دەهێنێـت. چـونکە وەسـتان و، بێدەنگی و، بێکاری و، حەوانەوە و، بەردەوامبـوونی هەر شـتێك لەسـەر دۆخ و ڕەوتی خۆی.. بە "نەبوون" دادەنرێت لە چۆنێتی و بارودۆخەکانی ئەو شتانەدا. تەنانەت لەو حاڵەتانەدا کە شتان لە یەك دۆخدا دەمێنـنەوە و ئاڵوگۆڕیـان بەسـەردا نـایەت، مەزنـترین تـام و چێـژ، بەرە بەرە، کەم دەکاتەوە و لەزەتی خۆی لەدەست دەدات.

پوختەی ئەم قسانە:

مادەم "ژیان" نەخشـونیگاری نـاوە جوانەکـان دەردەخـات، ئەوا هەر شتێکیش بێتە ڕێی ئەو ژیانە هەر بە جوان دادەنرێت.

بۆ نمـوونە: سـنعەتکارێکی کـارامەی دەوڵەمەنـد، پیـاوێکی هەژار بە کـرێیەکی دیـاریکراو دەگرێـت تـاکو بـۆ مـاوەی یەك سـەعات دەوری "مۆدێـل" ببینێـت لە پیشـاندانی ئاسـەواری سـنعەتە جوانەکـانی ئەو سـنعەتکارە و دەرخسـتنی مەودای سـەروەتە بەنرخەکەیـدا. ئیـتر بـۆ ئەم مەبەستە بەرگێکی یەکجار جوان و ناوازەی چنراوی سنعەتی خۆی لەبەر

دەکات و چەند کردار و بارودۆخ و شێوەیەکی جۆراوجۆر بەو کرێکارە ئەنجام دەدات و تاوێك بەرگێکی کورتی لەبەر دەکات و تاوێك بەرگێکی درێژ، تاوێکی تر ئەو بەرگەی بەری دەبڕێت و لێی دەقرتێنێت و تاوێکی دی دەیگۆڕێت... هتد، هەموو ئەمانەش لە پێناوی دەرخستنی کارە دەراساکانی سنعەتی خۆی و ناوازەیی کارامەییەکەی..

ئایا ئەو هەژارەی کە بە کرێ ئەو کارەی گرتە ئەستۆ، مافی ئەوەی هەیە بەو سنعەتکارە کارامەیە بڵێت: "تۆ کە داوام لێ دەکەیت تاوێك خۆم لار بکەمەوە و تاوێکی تر ڕاست ببمەوە، ماندووم دەکەیت و.. بە بڕین و کورتکردنەوەی ئەم کراسە جوانەی بەریشم ڕوخساری کراسەکە دەشێوێنیت"؟ یان مافی ئەوەی هەیە پێی بڵێت: "ستەمت لێ کردم و بێ ویژدانیت لەگەڵدا بەکارهێنام"؟!

کردگاری مەزن و بەدیهێنەری خاوەنی جوانیش - وَلِلّهِ المَثَلُ الأعلَى - بە هەمان جۆرە، چونکە هەردەم ئەو کراسە دەگۆڕێت کە کردوویەتیە بەر گیانداران و، چەند حاڵەتێکی زۆریان بەسەردا دەهێنێت بۆ ئەوەی نەخشونیگاری ناوە جوانەکانی خۆی دەربخات و، هەمیشە ئاڵوگۆڕ دەهێنێت بەسەر ئەو کراسەی کە بە لایەنە ناسك و هەست و نەستەکانی چەشنی چاو و، گوێ و، دڵ و، ژیری و، هاوچەشنیان ڕازاندوویەتیەوە.

جا لە نێوان ئەو بارودۆخانەی کە بەڵا و موسیبەتیان لە ئامێز گرتووە، چەند نوورێکی جوانییەکی ناسك و نیان هەیە، کە بۆ مەبەستی دەرخستنی حوکمی هەندێ لە ناوە جوانەکان و، لە ناوەندی بریسکانەوەی حیکمەتی خوای گەورەدا، تیشکەکانی میهرەبانیی ئەو خواوەندەیان تێدا دەردەکەوێت.

کۆتایی

(ئەمانەی خوارەوە پێنج بـڕگەن کە دەروونی بەدخـوازی نەزان و بەخۆنـاز و لەخۆبـایی و ڕیاکـار و لە خۆڕازیبـووی "سەعیدی کۆن"یان دەمکوت کرد)!

بڕگەی یەکەم:

مـــادەم شـــتان هەن و بە وردی دروســـت کـــراون، ئەوا دەبـــێ سـنعەتکارێکی کـارامە دروسـتی کـردبن. چـونکە لە وتەی بیسـت و دووهەمدا بە شێوەیەکی گومانبڕ چەسپاندمان کە:

ئەگەر بەدیهێنانی سەرجەمی شتان نەدرێنە پاڵ خوای تاك و تەنیا، ئەوا بەدیهێنـانی هەر شـتێك بە ئەنـدازەی بەدیهێنـانی هەمـوو شـتان دژوار دەبێت و.. ئەگەر دروستکردنی هەموو شتانیش بـدرێنە پـاڵ خواوەنـدی تاکی تەنیا، ئەوا هێندەی ئاسـانیی بەدیهێنـانی یەك دانە شـت بەدیهێنـانی هەموو شتان ئاسان دەبێت!

جا مـادەم ئەو کەسـەی کە ئاسـمانەکان و زەویـی دروسـت کـردووە خواوەنـدی تـاك و تەنیـایە، ئەوا هەرگیـز ئەو داهێنکـارە نـاوازە و دانـایە بەروبووم و ئەنجـام و ئامانجەکـانی زەوی و ئاسـمانەکان - کە گیانـدارە خـاوەن ژیانەکـانن - بە غەیـری خـۆی ناسـپێرێت، نەبـادا کاروبارەکـان

تێکبچن و، هەرگیز ناشیانداتە دەست کەسانی تر بۆ ئەوەی گاڵتە بە کـارە خاوەن حیکمەتەکانی نەکرێت و، ئەو بەروبووم و ئاکـام و ئامانجـانەش لەنـاو نابـات و، هەرگیـز پەرسـتش و شوکرانەشـیان بە غەیـری خـۆی ناسپێرێت!

بڕگەی دووهەم:

ئەی نەفسی لەخۆباییم!

لە خـۆت بـایی مەبە و شـانازی مەکە! چـونکە تـۆ لە "قەدی مێـو" دەچیت، ئەوەتا ئەو قەدە خۆی هێشووە ترێکانی بە خۆیدا هەڵنەواسـیوە، بەڵکو غەیری خۆی ئەو هێشووانەی پێدا هەڵواسیون!!

بڕگەی سێهەم:

ئەی نەفسی ڕیاکارم!

نەکەیت لە خۆت بایی ببیت و بڵێیت: "من خزمەتی ئایینم کـردووە". چونکە فەرموودەی پیرۆز بە ڕاشکاوی دەفەرموێت: "إنَّ اللّهَ لیؤیِّـدُ هـذا الدّینَ بالرّجلِ الفاجر"[1] کەواتە دەبێ تۆ خۆت بەو مرۆڤە فاجرە دابنێیت، چونکە تۆ دەروونێکی پاکژ نەکراویت!

ئەوەش بزانە کە خزمەتگوزارییەکانت بـۆ ئـایین و پەرستشـەکانت، لە ڕاستیدا بریتین لە شوکرانەبژێریی ئەو نیعمەتـانەی کە خـوای گەورە پێـی بەخشیوویت و، ئەنجامدانی فەرمانبەریی فیترەت و، بەجێهێنـانی فەرزی ئەستۆی بەدیهێنانت و، ئاکامی سنعەتی خوای گەورە لە تۆدا. ئەمە بـاش بزانە و، خۆت لە ڕیاکاری و لەخۆ ڕازیبوون، ڕزگار بکە!

(١) روى البخاري أن النبي ﷺ قال لبلال: قم فأذِّنْ. لا یدخُلُ الجنةَ إلاّ مـؤمِنٌ. وإنّ اللّهَ لیؤیِّدُ هذا الدینَ بالرجل الفاجر. (وەرگێڕ)

بڕگەی چوارەم:

ئەگەر دەتەوێت زانستی حەقیقەت و دانایی ڕاستەقینەت دەست بکەوێت، ئەوا "خواناسی" بەدەست بهێنە! چونکە حەقیقەت و ڕاستیی گشت بوونەوەران چەند تیشکێکی ناوی "الحق"ی خوای گەورەن و، جێی درەوشانەوەی ناوە جوانەکان و سیفەتە مەزنەکانی ئەون.

ئەوەش بزانە کە "ڕاستیی" هەموو شتێك، چ ماددی بێت چ مەعنەوی، چ شتێکی جێگیر بێت و چ شتێکی کاتی و لەناوچوو بێت، هەریەکەیان پاڵیان بە نوورێکی ناوە جوانەکانی خوای گەورەوە داوە و لەسەر حەقیقەتێك دامەزراوە. دەنا وێنە و شێوەیەکی دوور لە "ڕاستی" و بە بێ گرنگی و بایەخ دەبێت.

لە کۆتایی وتەی بیستەمدا شتێکمان لەم بابەتە باس کردووە.

ئەی نەفسەکەم!

ئەگەر تۆ تاسەمەندی ئەم دنیایت و لە مردن هەڵدێیت، ئەوا بە دڵنیایی بزانە کە ئەو شتەی بە گومانی خۆت بە ژیانی دادەنێیت تەنها ئەو "خولەك"ەیە کە تیایدایت و، کاتەکانی پێش ئەم خولەکە و شتە دنیاییەکانی ناویشیان، هەموویان مردوون..

ئنجا کاتی دوای ئەم خولەکە و شتانی ناویشی سەرانسەر هیچ و "نەبوو"ن!

واتە ئەو ژیانە فانییەی کە پێوەی دەنازیت و پێی مەغروور بوویت تەنها یەك دەقیقەیە. تەنانەت هەندێ لە کەسانی وردکاری ئەهلی تەدقیق وتوویانە:

ژیان تەنها دەهەم بەشی یەك لەسەر دەی دەقیقەیەکە، بگرە یەك ثانی بە خورەمە!

ئا لێرەوەیە کە هەندێ لە ئەولیا و پیاوچاکان دنیایان بە "عەدەم" داناوە لەو ڕووەوە کە دنیایە.

جا مادەم وایە، ئەوا تۆش - ئەی نەفسەکەم! - واز لە ژیانی ماددی و نەفسی بهێنە و، بە پلەکانی ژیانی "دڵ و ڕۆح و سیرڕ"دا سەربکەوە و، بڕوانە کە چەندە بازنەی ژیانی ئەمانە فراوانە! ئەوەتا ئەو ڕابوردوو و داهاتووەی کە سەبارەت بە تۆوە مردوون، کەچی سەبارەت بەوان زیندوون و خاوەنی وجوودن.

مادەم وایە..

ئەی نەفسەکەم! تۆش وەك "دڵ"م..

بە ئەشکی گەش

هانا بۆ فریادڕەس بەرە.

بڵێ: من خۆم "فانی"م..

ئیتر "فانی"م ناوێ..

دەستەوسانم.. کۆڵەوارم..

شتی "دەستەوسان"م ناوێ!

"ڕۆح"ی خۆمم بە خواوەندی "ڕەحمان" سپارد..

هیچ کەسێکی دیکەم ناوێ!

بەڵکو تەنها ئەوم دەوێ..

یاری باقیی فانینەبووی تاکم دەوێ.

من گەردیلەم..
بەڵام خۆری ئاوانەبووی هەمیشە بێباکم دەوێ.
خۆم لە خۆمدا هیچی تەواو هیچم، کەچی
سەرانسەری بوونەوەری پاکم دەوێ.

بڕگەی پێنجەم:

ئەم بڕگەیەم بە زمانی عەرەبی بە دڵدا هات و هەر بەو جۆرەش بە زمانی عەرەبی نووسرا و، ئاماژەیە بۆ یەکێك لە سی و سێ پلەکانی زیکری "اللّهُ أكبر":

"اللّهُ أكبرُ، إذْ هُوَ القديرُ العليمُ الحَكيمُ الكريمُ الرَّحيمُ الجميلُ النَّقّاشُ الأزَليُّ الَّذي ما حقيقةُ هذه الكائناتُ كُلاً وجُزءاً وصحائفَ وطبقاتٍ، وما حقائقُ هذه الموجوداتُ كُلّيّاً وجُزئيّاً ووجوداً وبقاءً إلاّ:

خطوطُ قلَمِ قضائه وقَدَرِه وتنظيمِه وتقديرِه بِعِلْمٍ وحِكمةٍ..
ونقوشُ بَركارِ عِلمِه وحِكمتِه وتصويرِه وتدبيرِه بِصُنعٍ وعِنايَةٍ..
وتزييناتُ يدِ بيضاءِ صُنعِه وعنايتِه وتزيينه وتنويرِه بِلُطْفٍ وكَرَمٍ..
وأزاهيرُ لطائفِ لُطفِه وكَرَمِه وتَوَدُّدِه وتَعَرُّفِه برَحْمَةٍ ونِعْمَةٍ..
وثمَرَاتُ فيّاضِ رحمتِه ونعمتِه وتَرَحُّمِه وتَحَنُّنِه بجَمالٍ وكمالٍ..

ولَمَعاتُ وتجَلّياتُ جماله وكماله بشهاداتِ تفانيَةِ المَرايا وسَيّاليَّةِ المَظاهِرِ مع بقاءِ الجمالِ المُجَرَّدِ السَّرْمَديِّ، الدَّائمِ التَّجَلّي والظُّهورِ، علَى مَرِّ الفُصُولِ والعُصُورِ والدُّهورِ، ودائِمِ الإنعامِ علَى مَرِّ الأنامِ والأيّامِ والأعوامِ.

نعَمْ، فالأثَرُ المُكَمَّلُ يدلُّ ذا عقلٍ علَى الفعلِ المُكَمَّلِ..

ثم الفِعلُ المكمَّلُ يدلُّ ذا فهمٍ علَى الإسمِ المُكَمَّلِ..
ثم الإسمُ المكمَّلُ يدلُّ بالبَداهةِ علَى الوصفِ المُكَمَّلِ..
ثم الوصفُ المكمَّلُ يدلُّ بالضرورةِ علَى الشَّأن المُكَمَّلِ..
ثم الشَّأنُ المكمَّلُ يدلُّ باليقينِ علَى كمالِ الـذَّاتِ بمـا يليـقُ بالـذَّاتِ وهو الحقُّ اليقينُ.

نعم تَفَـانِي المِـرآةِ.. زوالُ الموجـوداتِ.. مـع الـتَّجَلِّي الـدائِمِ.. مـع الفَيْضِ المُلازِمِ:

مِن أظهَرِ الظَّواهرِ أنَّ الجمالَ الظاهرَ ليسَ مُلكَ المَظاهرِ.. مِنْ أفصَحِ تِبيانٍ.. مِن أوضَحِ بُرهانٍ للجمالِ المُجَـرَّدِ للإحسـانِ المُجَـدَّدِ للواجِـبِ الوجودِ.. للباقِي الوَدُودِ".

اللَّهُمَّ صَلِّ علَى سيِّدِنا محمَّدٍ مِنَ الأزَلِ إلَى الأبَدِ عَدَدَ ما في عِلْمِ اللّهِ وعَلَى آلِهِ وصحبِهِ وسَلِّمْ.

* * *

پاشکۆ

(ئەم پاشکۆ یەکجار کورتە دارای گرنگییەکی
مەزن و سوودی زۆرە بۆ هەموان)

چەنــدین ڕێــی زۆر هەن کە مــرۆڤ بە خــوای گەورە دەگەیەنــن، سەرچاوەی هەموو ئەو ڕێ ڕاستانەش "قورئـانی پیـرۆز"ە. بەڵام ئەوەنـدە هەیە هەنـدێ لەم ڕێیـانە لەچـاو ئەوانی تـردا گشـتی‌تـر و سـەلامەتتر و نزیکترە.

من، وێڕای تێگەیشتنی کۆتا و ناتەواوی خـۆم، ڕێگـایەکی تەخـت و کورت و ئاسانم لە ڕێژنەی قورئانی پیـرۆزەوە دۆزیـوەتەوە، کە بـریتییە لە ڕێی:

(کۆڵەواری، هەژاری، شەفەقەت، بیرکردنەوە).

بەڵێ، "کۆڵەواری"(العجز) وەك عیشق وایە، ڕێیەکە مرۆڤ بە خـوای گەورە دەگەیەنێـت، بەڵکـو ڕێگـایەکە لە عیشـق سـەلامەتتر و نـزیکترە، چونکە لە ڕێی "بەندایەتی"یەوە مرۆڤ دەگەیەنێتە "مەحبووبییەت".

"هەژاری"ش وەهایە، مـرۆڤ بە نـاوی پیـرۆزی "الـرحمن"ی خـوای گەورە دەگەیەنێت.

"شەفەقەت"یش بە هەمان جـۆر وەك عیشـق وایە، مـرۆڤ بە خـوای گەورە دەگەیەنێــت، بەڵکـــو لە عیشـــق تیژڕەوتــرە و مەوداکەشی لەو فراوانترە، چونکە مرۆڤ دەگەیەنێـتە نـاوی پیـرۆزی "الـرحیم"ی خـوای گەورە.

"بیرکــردنەوە"ش وەك عیشــق وایە، تەنــانەت لەویــش بەپێزتــرە و ڕووناکییەکەشی درەوشاوەترە و ڕێیەکی گەلێ بەرینترە. چونکە ڕێبـواری ئەو ڕێیە دەگەیەنێتە ناوی پیرۆزی "الحکیم"ی خوای گەورە.

ئەم ڕێیە جیایە لەوەی کە لە "دە" هەنگاو پێکهاتووە و ڕێبـوارانی ڕێـی نهێنی(الخفـاء) گرتوویـانەتەبەر.. هەروەهــا جیایشــە لەوەی کە لەڕێــی ئاشکرا(الجهر)دا دەیگرنەبەر و بریتییە لە "حەوت" هەنگاو بەپێی ژمارەی حەوت دەروونەکان..

ئەم ڕێیە بریتییە لە تەنها "چوار" هەنگاو، ڕاستییەکی شەرعیشە زیاتر تا ئەوەی تەریقەتێکی سۆفی بێت.

با بە هەڵەدا نەچن، مەبەست لە قسوور و کۆڵەواری و هەژاری ئەوەیە کە هەموو ئەمانە تەنهـا لە بەردەم خواوەنـدی مەزنـدا دەربـبڕرێن، نەك لە بەردەم خەڵکیدا.

ویرد و زیکرەکانی ئەم ڕێیەش ئەمانەی خوارەوەن:

* شوێن پێ هەڵگرتنی سونتەتی پیرۆزی پێغەمبەر ﷺ.

* ئەنجامدانی فەرزەکان، بە تایبەتی بەجێهێنانی نوێژ بە ڕێکـوپێکی و، خوێندنی زیکرەکانی دوایان.

* دەستهەڵگرتن لە گوناهە گەورەکان.

سەرچاوەکانی ئەم هەنگاوانەش لە قورئانی پیرۆزدا، ئەمانەن:

﴿فلا تُزَكُّوا أَنفسَكُم﴾ (النجم:٣٢)..

ئاماژە بۆ هەنگاوی یەکەم دەکات..

﴿ولا تكُونُوا كَالَّذِينَ نسُوا اللَّهَ فأنساهُمْ أَنفُسَهُم﴾ (الحشر:١٩)..

ئاماژە بۆ هەنگاوی دووهەم دەکات..

﴿ما أَصابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللّهِ ومَا أَصَابَكَ مِنْ سَيِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ﴾ (النساء:٧٩)..

ئاماژە بۆ هەنگاوی سێهەم دەکات..

﴿كلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إلاّ وَجْهَهُ﴾ (القصص:٨٨)..

ئاماژە بۆ هەنگاوی چوارەم دەکات.

ڕوونکردنەوەی ئەم چوار هەنگاوە - زۆر بە کورتی - بەم جۆرەیە:

هەنگاوی یەکەم: وەك ئایەتی: ﴿فلا تُزَكُّوا أَنفسَكُم﴾ ئاماژەی بۆ دەکات، بریتییە لەوەی "نەفس" بە خاوێن لە قەڵەم نەدرێت. چونکە مرۆڤ، بەپێی سروشت و فیترەتی، ڕاستەوخۆ و لەپێشدا تەنها خۆی خۆش دەوێت و لە پێناویدا هەموو شتێك بەخت دەکات و بە چەشنێك بە شان و باڵای خۆیدا دەخوێنێت و مەدحێکی وای دەکات کە تەنها شایستەی خواوەند بێت و، هەردەم خۆی بە خاوێن لە قەڵەم دەدات، تەنانەت هیچ کەموکوڕییەکی بۆ ڕەوا نابینێت و بەرگرییەکی توندی تا ڕادەی پەرستنی لێ دەکات. وەك بڵێی هەموو ئەو ئامێرانەی کە خوای گەورە بۆ ستایش و پاك ڕاگرتنی خواوەند لەو مرۆڤەدا دایناون، ئەو مرۆڤە دەچێت بۆ خۆی بەکاریان دەهێنێت!

بەم جۆرە ڕووبەڕووی ئەو وەسفە دەبێتەوە کە ئەم ئایەتە پیرۆزە دەیکات: ﴿مَنِ اتَّخَذَ إلَهَهُ هَوَاهُ﴾ (الفرقان:٤٣). ئیتر دووچاری لەخۆ ڕازی بوون و لەخۆبایی بوون دەبێت و، پێویستی بەوە دەبێت کە پاکژ بکرێت..
جا پاکژکردنی دەروونی مرۆڤ لەم هەنگاوەدا بەوە دەبێت کە بە پاك نەزانرێت و بە خاوێن لە قەڵەم نەدرێت!

هەنگاوی دووهەم: ئەو دەرسەیە کە لەم ئایەتە پیرۆزەوە وەردەگیرێت:

﴿ولا تكُونُوا كَالَّذِينَ نسُوا اللّهَ فأنْساهُمْ أنفُسَهُم﴾.

ئەویش بەم جۆرە:

مرۆڤ هەردەم خۆی لەبیردەباتەوە، خۆ ئەگەر بیریش لە مردن بکاتەوە، ئەوا ڕووی ئەو مردنە بۆ غەیری خۆی وەردەچەرخێنێت و، گەر لەناوچوون و نەمانیش ببینێت، بۆ کەسانی تری دادەنێت، وەك بڵێی هەرگیز ئەو نەگرێتەوە و هیچ پەیوەندییەکی بە خۆیەوە نەبێت!

هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەروونی بەدخوازی مرۆڤ لە کاتی بەش و پاداشت وەرگرتندا خۆی بیردەکەوێتەوە و بە توندی دەستی پێوە دەگرێت. کەچی لە کاتی کار و فرمان و خزمەتگوزاریدا خۆی لەبیردەباتەوە!

کەواتە پاکژ و خاوێن و پەروەردەکردنی، لەم هەنگاوەدا، ڕەفتارکردنە بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتە. واتە خۆلەبیرنەچوونەوە لە دەمی لەبیرچوونەوەدا. بە واتایەکی تر: خۆلەبیربردنەوە لە کاتی پاداشت وەرگرتن و، بیر لێکردنەوەشی لە دەمی خزمەتگوزاری و یادی مردندا!

هەنگاوی سێهەم: ئەوەیە کە ئەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژەی بۆ دەکات کە دەفەرموێ:

﴿ما أَصابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللّهِ ومَا أَصَابَكَ مِنْ سَيِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ﴾.

چونکە هەردەم "نەفس" داخوازی ئەوەیە کە هەرچی خێر و چاکەیە بە هی خۆی دادەنێت، ئەم کارەش بەرەو شانازیکردن و لەخۆڕازی بوونی دەبات..

کەواتە دەبێت، لەم هەنگاوەدا، جگە لە ناتەواوی و کەموکووڕی و کۆڵەواری و هەژاری هیچی تر لە خۆیدا نەبینێت و، هەموو چاکە و لایەنە تەواوەکانی خۆیشی بە چاکەی خواوەندی مەزنیان دابنێت و بە بەخششی ئەویان بزانێت، ئیتر لە بریی شانازی و لەخۆبایی بوون، شوکرانەبژێری دەنوێنێت و سوپاسی خواوەند دەکات.

کەواتە پاکژکردنی "نەفس" لەم پلەیەدا لە نهێنیی ئەم ئایەتە پیرۆزەدایە کە دەفەرموێ:

﴿قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكَّاهَا﴾ (الشمس:٩).

واتە بەوە دەبێت کە بزانێت:

تەواویی خۆی لە ناتەواوییدایە و، توانای لە کۆڵەوارییدایە و، دەوڵەمەندییەکەشی لە هەژارییدایە. (بەو واتایەی کە بزانێت تەواویی خۆی لەوەدایە کە تەواو نەبێت و، دەستەڵاتی لەوەدایە کە لە بەردەم خوای گەورەدا کۆڵەوار و بێ دەستەڵات بێت و، دەوڵەمەندیشی لەوەدایە کە هەژاری دەرگانەی ئەو بێت).

هەنگاوی چوارەم: ئەو وانەیەیە کە ئەم ئایەتە دەیڵێتەوە:

﴿كلُّ شَيْءٍ هَالِكٌ إِلاَّ وَجْهَهُ﴾.

چونکە "نەفس" گومانی وایە کە خۆی لە خۆیدا سەربەست و سەربەخۆیە، لەبەر ئەوە لافی جۆرە پەروەردگارێتییەك لێ دەدات و، بەرامبەر پەرستراوی ڕاستەقینەی خۆی سەرپێچیی تێدایە. جا هەستکردن بەم ڕاستییەی خوارەوە مرۆڤ لەو بارە ڕزگار دەکات، ئەو ڕاستییەش بریتییە لەوەی کە:

هەموو شتێك لە خۆیدا و بە "واتا ئیسمییەکەی" لەناوچوو، ونبوو، تازەپەیدابوو، نەبووە. بەڵام بە "واتا حەرفییەکەی" و لەو ڕووەوە کە بەپێی

ئەرك و فرمـانی سەرشـانی دەوری ئـاوێنەی دەرخەری نـاوە جوانەکـانی بەدیهێنەری مەزن دەبینێت، ئەوا ئەو شتە: بینەر و بینراوە و، هەیە و بووە.

جا پاکژکردنی "نەفس" لەم هەنگاوەدا بەوە دەبێت کە بزانێت نەبـوونی لە بوونیدایە و، بوونیشی لە نەبوونیدا! واتە ئەگەر خۆی بینی و بـوونی بە خۆی بەخشـی، ئەوا لە تاریکسـتانی چەنـدین نەبـوونی ئەوەنـدە زۆر و زەبەندەدا نوقم دەبێت کە بە ئەندازەی هەموو بوونەوەران دەبن.

بە واتایەکی تر دەڵێین: ئەگەر لە بەدیهێنەری ڕاسـتەقینەی خـۆی - کە خوای گەورەیە - بێ ئاگا بێت و، بە بوونی خۆی بایی ببێت، ئەوا خـۆی بە تەنیایی و خنکاوی دەبینێتەوە لە ناوەندی تاریکیی بێکۆتایی جودایی و نەبووندا، بە چەشنی گوڵەستێرە(اليراعة) کە تەنها بە ڕوونـاکییە کـزەکەی خۆی لە تاریکیی شەوی تاردا بجووڵێتەوە.

بەڵام کـاتێ واز لە خۆویسـتی و لەخۆبـایی بـوون دەهێنێـت، بـۆی دەردەکەوێت کە لە ڕاستیدا خۆی لە خۆیدا شتێك نییە، بەڵکو ئاوێنەیەکی درەوشانەوەکانی بەدیهێـنەری ڕاسـتەقینەیە. ئەوا لەم ڕێـیەوە "بـوون"ێکی نەبـڕاوە و بێکۆتـایی بەدەسـت دەهێنێـت، ئنجـا "بـوون"ی هەمـوو بوونەوەرانیش دەستکەوت و قازانجی دەبێت.

بەڵێ، ئەو کەسەی خوا دەدۆزێتەوە، هەموو شتێکی دەست کەوتووە، چـونکە هەمـوو بـوونەوەران، تێکـڕا، بـریتین لە درەوشـانەوەی نـاوە جوانەکانی خواوەندی مەزن!

* * *

کۆتایی ئەم پاشکۆیە

ئەم ڕێگایەی کە لەم چوار هەنگاوە پێکهاتووە: "کۆڵەواری، هەژاری، شەفەقەت و، بیرکردنەوە" لە هەر بیست و شەش وتەکانی پێشووی کتێبی "وتەکان"دا، کە لە زانستی حەقیقەت و، ڕاستیی شەریعەت و، حیکمەتی قورئانی پیرۆز دەدوێن، ڕوون کراونەتەوە. بەڵام لێرەدا تەنها ئامـاژەیەکی پوخت بۆ چەند خاڵێك دەکەین کە ئەمانەن:

ئەم ڕێگایە کورتترین و نزیکترین ڕێیە لەچاو ئەوانی تردا، چونکە تەنها چوار هەنگاوە. ئنجا ئەگەر "کۆڵەواری" بەسـەر نەفسـدا زاڵ ببێـت، ئەوا ڕاستەوخۆ تەسلیمی خواوەندی "بەتوانـا"ی شـکۆمەندی دەکـات. بەڵام ئەگەر لە ڕێگەی عیشقدا - کە گەیەنەرترین ڕێیە بـۆ لای خـوای گەورە - "عیشق" بەسەر نەفسـدا زاڵ ببێـت، ئەوا دەروونی مـرۆڤ دەستەکانی لە داوێنی مەعشووقی مەجازی گیر دەکـات و بەو جـۆرە دەمێنێـتەوە هەتـا نەمـانی ئەو مەعشـووقەی دەبینێـت، ئنجـا دەگـات بە خۆشـەویسـتی ڕاستەقینە!

پاشان ئەم ڕێگایە لە هەموو ئەوانی تر بێوەی ترە، چونکە "نەفس" لەم ڕێگایەدا دووچاری "شَطَحَات" نابێت و لاف و گەزافی لە توانای خـۆی بەرەوژوورتر لێ نادات، چونکە مرۆڤ لەم ڕێگایەدا جگە لە کۆڵەواری و هەژاری و قسوور و ناتەواوی، هیچی تـر لە خۆیـدا شـك نابـات، تـا لە سنووری خۆی لابدات! ئەم ڕێیە جادەیەکی گەورە و شەقامێکی گشتییە، چونکە مرۆڤ لەم ڕێیەدا ناچار نابێت بـوونەوەران بخـاتە "بەنـدیخانەوە" یان "ئیعدامیان" بکات، بە وێنەی ڕێڕەوانی ڕێگەی "وحـدة الوجـود"، کە

بۆ مەبەستی گەیشتن بە دڵنیـایی و حـوزووری قەلبـی، بوونەوەرانیـان لە وەهمی خۆیاندا بە نەبوو(عَدَم) لە قەڵەم دا و، وتیان: "لا موجُودَ إلاّ هو".
یـان بە وێـنەی ڕێـڕەوانی ڕێـی "وحـدة الشـهود" کە بـۆ مەبەسـتی بەهرەوەربوون و گەیشتنیان بەو دڵنیـاییە، بوونەوەرانیـان لە بەنـدیخانەی "بیرچوونەوە"دا بەند کرد و، وتیان: "لا مشهُودَ إلاّ هو"!

قورئانی پیرۆز - کە ئەم چـوار ڕێـیەی لـێ وەرگیـراوە - بە ئاشـکرا لە ئیعدامکردنی بوونەوەران خۆش دەبێت و لە بەندیخانەش بەریان دەدات!

جا ئەم ڕێگـایە - لەسـەر ئەو ڕێبـازەی قورئـان - بەو چـاوە دەڕوانێـتە بوونەوەران کە ملکەچ و گوێڕایەڵی بەدیهێنەری شکۆمەندیانن و، لە ڕێی ئەودا خـزمەت دەکەن و، دەرخەری درەوشـانەوەکانی نـاوە جوانەکـانن، دەڵێی ئاوێنەن ئەو درەوشانەوانە دەدەنەوە و دەریانـدەخەن. واتە ئەم ڕێـیە بوونەوەران بە واتای "حەرفی" دەبینێت و مامەڵەیان لەگەڵـدا دەکـات و، دووریان دەخـاتەوە لەوەی کە خـاوەنی واتـای "ئیسـمی" بـن و هەر بـۆ خۆیان کەوتبنە خزمەت و گوێڕایەڵ بووبن.

بەم چەشنە، مرۆڤ لە بێئاگایی(غەفڵەت) ڕزگاری دەبێـت و، لەسـەر ڕێبازەکەی قورئانی پیرۆز بە "حوزووری بەردەوام و هەمیشەیی" دەگات و پێی بەهرەوەر دەبێت. ئەو کاتەش لە هەموو شتێکدا ڕێگایەك دەبینێت کە بە خوای گەورەی دەگەیەنێت.

پوختەی ئەم قسانە:

ئەم ڕێگایە بە "واتای ئیسمی" نـاڕوانێتە بـوونەوەران، واتە بەو ڕوانیـنە بۆیان ناڕوانێـت کە لە خۆیانـدا و بـۆ خۆیـان کەوتبـنە کـار و گـوێڕایەڵ بووبن. بەڵکو ئەم بۆڕوانینەیـان لـێ دادەماڵێـت و، ئەرك و فەرمـانبەریی "ملکەچبوونیان بۆ خوای گەورە" دەخاتە ئەستۆ.

* * *

وەڵامی چەند پرسیارێك
بەشێك لە (وتەی چواردەهەم)

نهێنیی قەدەر

لە ڕووداوە گشتییەکاندا

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿إِذا زُلْزِلَتِ الأَرْضُ زِلزالَهَا * وأَخْرَجَتِ الأَرْضُ أَثْقَالَها * وَقالَ الإِنْسَانُ مَا لَهَا * يَوْمَئِذٍ تُحَدِّثُ أَخْبارَهَا * بِأَنَّ رَبَّكَ أَوْحَى لَهَا * يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ النَّاسُ أَشْتاتاً لِيُرَوْا أَعْمالَهُم * فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْراً يَرَهُ * وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقالَ ذَرَّةٍ شَرّاً يَرَهُ﴾ (سورة الزلزلة).

ئەم سوورەتە مەزنە، بە چەشنێکی گومانبڕ، ڕوونی دەکاتەوە کە گۆی زەوی لە جموجووڵ و بوومەلەرزە و تەنانەت لەرینەوە ناوبەناوەکانیشیدا، لە ژێر وەحی و فەرمانی خوای گەورەدایە.

* پرسیار:

ئەم بوومەلەرزە گەورەیە(١) موسیبەتێکی مەعنەویی گەلێ دژوارتری لە موسیبەتە ماددییە دڵتەزێنەکەی دەرخواردی خەڵکی دا، کە بریتییە لەو سام و ترس و نائومێدییەی باڵیان بەسەر دەروونی ئەو خەڵکەدا کێشا. چونکە ئەم ترس و بیمە هێندە بەردەوام بوو کە لە شەویشدا حەوانەوەی لە زۆربەی خەڵکی سەندەوە و پشێوی و ئاڵۆزی زۆربەی ناوچەکانی وڵاتی گرتەوە..

ئایا سەرچاوە و هۆی ئەم ئازارە سەختە چییە؟

بە یارمەتیدانی ئاگادارکردنەوەیەکی مەعنەوی، ئەم وەڵامەی خوارەوەم بۆ هات:

ئەو بەربادی و بەدڕەوشتییەی کە بە ئاشکرا و لە ڕۆژی ڕۆشنا و لە مانگێکی پیرۆزی وەك ڕەمەزاندا و، لە دەمی نوێژی تەراویحدا ڕوو دەدەن و، پڕکردنی گوێی خەڵکی بەو گۆرانییە هەستبزوێنانەی کە بە دەنگی ئافرەت دەوترێن - لە ڕێی ڕادیۆ و غەیری ڕادیۆ - لە هەموو شوێنێکی ئەم وڵاتەی کە مەڵبەندێکی خاوێنی ئیسلام بوو..

هەموو ئەمانە، چەشتنی ئەم ئازاری ترس و بیمەیان بەرهەم هێنا.

* پرسیار:

بۆچی ئەم ئەشکەنجە پەروەردگاری و تەمێکردنە خواییە تووشی وڵاتی کوفر و ئیلحاد نابێت و، موسڵمانە لاواز و هەژارەکانی پێوە گیرۆدە دەبن؟

---

(١) ئەم باسە بە بۆنەی ئەو بوومەلەرزەیە نووسرا کە بەسەر ئیزمیردا هات. (دانەر)

وەڵام:

هەروەك تاوانە مەزنەكان بۆ دادگا گەورەكانی جەزا ڕەوانە دەكرێن و دواخستنی سزاكانیان بەو دادگایانە دەسپێررێت، كەچی هەر لە مەڵبەندی قەزا و ناحیەكاندا تاوانە بچووكەكان یەكلایی دەكرێنەوە و سزاكانیان دەستێنیشان دەكرێن.. بە هەمان جۆر، بەشی هەرە زۆری تۆڵەی تاوانی مولحید و كافران بۆ دادگای گەورەی حەشری مەزن دوا دەخرێن، بەڵام هەر لەم دنیایەدا و لەسەر داخوازیی دانستێكی پەروەردگاریی گرنگ، ئیمانداران لەسەر هەندێ هەڵە و گوناهی خۆیان سزا دەدرێن[1].

* پرسیار:

بۆچی ئەم موسیبەتە سەرجەمی وڵات دەگرێتەوە، مادەم ئەنجامی چەند هەڵە و گوناهێكە هەندێ كەس دەیانكەن؟

وەڵام:

زۆربەی خەڵكی لەگەڵ ئەو چەند ستەمكارە كەمانەدا بەشدارن. چونكە یان بە "كردەوە" یان بە "شوێنكەوتن" یان بە "گوێڕایەڵیی فەرمانەكانیان" لە ناوەڕۆكدا لەگەڵیاندان و، ئەمەش كارێك دەكات موسیبەتەكە ئەو شێوە گشتییە بگرێتە خۆ. چونكە موسیبەت بەهۆی بێگوێیی و ملنەدان و گوناهی زۆربەی خەڵكەوە دەتەنێتەوە و گشت لایەك دەگرێتەوە.

---

(١) بە هەمان جۆر، گەر ڕووسەكان و هاوچەشنیان واز لە ئایینێكی دەستكاریكراوی سڕاوە و هەڵوەشاو بهێنن و گاڵتەی پێ بكەن، غیرەتی خوای پێ ناجووڵێت وەك ئەوەی كە گاڵتەكردن بە ئایینێكی ڕاست و هەتاهەتایی و نەگونجاو بۆ هەڵوەشان و سڕینەوە، غیرەتی خوا دەبزوێنێت. بۆیە گۆی زەوی ئەوان مۆڵەت دەدات و ڕقیشی لەمان دەبێتەوە. (دانەر)

* پرسیار:

مادەم ئەم بوومەلەرزەیە بەهۆی تاوان و خراپکارییەکان و بۆ مەبەستی کەفـــارەتی گــوناهـــــەکان ڕووی داوە، ئەدی بـــۆچی بێتاوانەکـــانیش دەگرێتەوە و بە بڵێسەکەی دەسووتێن، لە کاتێکدا کە ئەوان تـوخنی هـیچ هەڵە و گوناهێك نەکەوتوون تاکو کەفـارەتەکەی بـدەن. ئایـا دادگەریـی پەروەردگار چۆن بەمە ڕازی دەبێت؟

هەروەها بە یارمەتیی ئاگادارییەکی مەعنەوی ئەم وەڵامەم بۆ هات:

ئەم مەســەلەیە پەیوەنــدیی بە نهێنیــی "قەدەری خــوا"وە هەیە، بـۆیە حەواڵەی "پەیـامی قەدەر"ی دەکەیـن و لێـرەدا ئەم ئەنـدازەیەی خـوارەوە دەخەینە ڕوو:

نهێنیی ئەم ئایەتەی کە دەفەرموێ:

﴿وَاتَّقُوا فِتْنَةً لا تُصِيبَنَّ الَّذِينَ ظَلَمُوا مِنْكُمْ خَاصَّةً﴾ (الأنفال:٢٥).

واتە: خۆتان لە بەڵا و گیروگرفتێك بپارێزن کە نەك تەنهـا سـتەمکاران دەگرێتەوە، بەڵکو بێتاوانەکانیشی پێوە گیرۆدە دەبن..

نهێنیی ئەم ئایەتە بریتییە لەوەی کە:

ئەم دنیایە خانەی تاقیکردنەوە و موجاهەدە و تەکلیفە، تـاقیکردنەوە و تەکلیفیش داخوازی ئەوەن کە ڕاسـتییەکان شـاراوە و پەنهـان بـن، تـاکو پێشبڕکێ دروسـت ببێـت و لە ڕێـی موجـاهەدەوە ڕاسـت و ڕاسـتگۆیان لەگەڵ ئەبــووبەکری صـــیددیقدا بـــۆ "أعـــلی علیـــین" بەرز ببـــنەوە و، درۆزنانیش لەگەڵ موسەیلەمەی درۆزندا بەرەو "أسفل سافلین" بەرببنەوە.

خــۆ ئەگەر کەسـانی بێتـاوان لەو موسـیبەتانەدا دەربـاز بـبن و هـیچ پریشـــك و ئازارێکیـان بەر نەکەوێـت ئەوا "ئیمـــان" دەبـوو بە شـتێکی

ئاشکرا و سەلماو لای هەموان و، کافران و ئیمانداران وەکوو یەك و بێ جیاوازی ملیان بۆ کەچ دەکرد، ئەو کاتەش تەکلیف لە گۆڕێدا نەدەما و پێویستیش بۆ مرۆڤ نەدەمایەوە کە بە پلەوپایەکانی ئیماندا سەربکەوێت و بەرز ببێتەوە.

*** پرسیار:**

مادەم بەپێی دانایی خواوەند و بە بێ جیاوازی موسیبەت تووشی ستەمکار و ستەملێکراو دەبێت، ئایا بەشی ئەو ستەملێکراوانە لە دادگەریی خواوەند و میهرەبانییە فراوانەکەیدا کامەیە؟

وەڵام:

لە ناوەندی ئەو غەزەب و بەڵایەدا درەوشانەوەیەکی میهرەبانی هەیە، چونکە سامانی لەناوچووی ئەو بێتاوانانە بە هەمیشەیی لە دوارۆژدا دەمێنێتەوە و وەك صەدەقە بۆیان پاشەکەوت دەکرێت. ژیانە لەناوچووەکەشیان لەبەر ئەوەی جۆرە شەهیدبوونێکی بەخۆیەوە دیوە، بۆیان دەگۆڕرێت بە ژیانێکی هەمیشەیی. واتە ئەو موسیبەت و بەڵایە سەبارەت بەو بێتاوانانەوە جۆرێکی میهرەبانیی خواوەندە لە دووتوێی ئەو ئازارە سەخت و کاتییەدا، چونکە بە ئازار و سەختیەکی کاتی و تا رادەیەك کەم، دەستکەوتێکی گەورە و بەردەوامیان پێ دەبەخشرێت.

*** پرسیار:**

خوای گەورەی دادگەر و میهرەبان و بەتوانا و دانا، تۆڵەی تاوانە تایبەتییەکان بە چەند سزایەکی تایبەتی ناسێنێتەوە، بەڵکو ماك(عنصر)ێکی گەورە و زەبەلاحی وەك گۆی زەوی بۆ تەمێکردن و سزادان و تۆڵەسەندنەوە زاڵ دەکات.. ئایا ئەم کارە لەگەڵ هەمەلایەنیی توانست و جوانیی میهرەبانیی خوادا دەگونجێ؟

وەڵام:

خـوای بەتوانـای مەزن چەنـدین ئەرك و فرمـانی زۆری خسـتووەتە ئەسـتۆی هەمـوو یەكێـك لە توخمەكـان و، چەنـدەها ئەنجـامی زۆر و زەبەندەش لەو كار و فرمانانەی ئەوانەوە بەرهەم دەهێنێت.

جا ئەگەر تەنها ئەنجامی یەكێك لە كـار و فرمـانە زۆرەكـانی یەك دانە لەو توخمانە بە ناشیرین (واتە بە شەڕ و موسیبەت و بەڵا) دەربكەوێـت، ئەوا سـەرجەمی ئەنجامەكـانی كـار و ئەركەكـانی تـری ئەو مـاكە، ئەم ئەنجامە ناهەموارە وەك ئەنجامێكی جوان لێدەكەن..

چـونكە ئەگەر ڕێ لەو تـوخمە بگیـرایە كە لە مـرۆڤ تـووڕە بـووە و نەهێڵرایە كار و فرمانەكەی سەرشانی ئەو تەنیا ئەنجـامە ناشـیرینە بەرهەم بهێنێت، ئەوا گەلێ خێر و كرداری باشی بە ئەنـدازەی ژمـارەی ئەنجـامە باشەكانی سەرجەم ئەركەكـانی تـری ئەو مـاكە فەرامـۆش دەكـرا. واتە بە ئەندازەی ئەو ئەنجامە باشانە شەڕ و خراپەی زۆر ڕوویـان دەدا. چـونكە وەك ئاشكرایە ئەنجامنەدانی خێرێكی پێویست بە شەڕ دادەنرێت.

جا ئایـا دەكـرێ ئەم هەمـوو شـەڕ و خراپـانە ڕوو بـدەن تەنهـا لەبەر ڕوونەدانی یەك شەڕی تەنیا؟!

دیـــارە ئەمە پـــێچەوانەی دانســـتە و ناشـــیرینییەكی ئاشـــكرایە و دووركەوتنەوەیە لە ڕاستی و ناتەواوییەكی عەیبدارە. خۆ دانست و توانا و ڕاستی، خاوێن و دوورن لە هەموو نەنگی و ناتەواوییەك.

جا لەبەر ئەوەی هەندێك لە خراپكارییەكانی مرۆڤ لە جۆری "تاوانی گشتی"ن و بە ئاشـكرا سـنووری مـافی گەلـێ بـوونەوەران دەشـكێنن و گاڵتەیـان پـێ دەكەن، ئەوا ڕق و قینـی سـەرجەم توخمەكـان بە تـایبەت

"زەوی"ی پێ دەورووژێـت. کەواتە، بـێ هـیچ گومانێـك، فەرمانـدان بە ماکێکی مەزنی وەك زەوی کە ئەو تاوانبارانە تەمێ بکات بـۆ دەرخسـتنی مەزنیی تاوانەکەیان، عەینی حیکمەت و دادگەرییە و، لە هەمان کاتدا بـۆ ستەم لێکراوانیش عەینی میهرەبانییە!

* پرسیار:

بێئاگایان لەناو خەڵکیدا ئەوە بڵاو دەکەنەوە کە ڕوودانی "بوومەلەرزە" تەنها ئەنجامی ئاڵوگۆڕ و پشێویی کانزاکانی ناوجەرگەی زەویـیە و، وەك ڕووداوێـــکی بـــێ مەبەســـت و، بە ئەنجـــامی "ڕێـــکەوت" و کـــاری "سروشت"ی دادەنێن و، هۆکار و ئەنجـامە مەعنەوییەکـانی ئەم ڕووداوە نابینن تاکو لەو بێئاگاییەی تیایدان، بێدار ببنەوە..

ئایا هیچ ڕاستییەك هەیە پاڵپشتی بۆچوونەکەیان بێت؟

وەڵام:

جگە لە گومڕایی هیچیـان بە دەسـتەوە نیـیە و بۆچوونەکەیـان دارای هیچ ڕاستییەك نییە. چونکە بە چاوی خۆمان دەبینین کە هەمـوو یەکێـك لەو هەزاران جۆرانەی زیندەوەران کە لەسەر گۆی زەویدا لە پەنجا ملیۆن زیاتر دەبن، هەموو ساڵێك کراس و پۆشاکە ڕەنگـین و ڕێکـوپێکەکانیـان لەبەر دەکەن و دەیانگۆڕن، تەنانەت تەنها یەك دانە بـاڵیش کە ئەنـدامێکی نێوان سـەدان ئەنـدامی "مـێش"ی لەژمـارەبەدەرە، فەرامـۆش ناکرێـت و ڕووناکیی "قەصد" و ویست و دانستی پێوە دیارە..

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کار و بـارودۆخە مەزنەکـانی گـۆی زەبەلاحـــی زەوی - کە لانـــك و ژیـــار و لانەی خـــاوەن هەســـتانی لەژمارەبەدەرە - لە بـازنەی ویسـت و ئیختیـار و قەصـدی خـوای گەورە دەرناچێت، بەڵکو هیچ شتێکی جوزئی یان کوللی لەو بازنەیە بەدەر نییە.

بەڵام خواوەنـدی خـاوەن توانسـتی ڕەهـا بەپێـی خواسـتی دانسـتە ڕەهاکەی خۆی، هۆکـارە ڕواڵەتییەکـانی کـردووە بە پەردەی ڕووکەش لە بەردەم کار و هەڵسـوکەوتەکانیـدا و، هەرکـات ویسـتی لەسـەر ڕوودانی بوومەلەرزە ببێت ئەوا هەندێ جار فەرمان بە یەکێـك لە کانزاکـان دەدات کە بجووڵێت و بەم پێیە دایدەگیرسێنێت.

وا دابنێ "بوومەلەرزە" بە ڕوودانی ئاڵوگۆڕ و پشێویی کانزاکـان پەیـدا ببێت، خۆ هێشتا لەم کاتەشدا هەرگیز بە بێ فەرمانی خوای گەورە و بـێ ئەوەش لەگەڵ دانستی ئەودا بگونجێت، ڕوو نادات..

چونکە ئەگەر ئۆباڵی تـاوانی "کوشـتن" نەخـرێتە ئەسـتۆی "قاتـڵ" و تەنها بە کاری ئەو بـارووتە بزانرێـت کە لە فیشـەکی تفەنگەکەیـدا گـڕی گرتووە، بە شێتی و گەلحـۆیی و فەوتـانی تەواوەتیـی مـافی کـوژراوەکە دادەنرێت..

بە هەمان جۆر بەڵکو لەوەش شێتی و نەفامی تر ئەوەیە کە لەم چەشنە ڕووداوانەدا سەیری سروشت بکرێت و ئەو فەرمانەی دانست و ویسـتی خوا فەرامۆش بکرێـت کە بـۆ داگیرسـاندنی بۆمبـای نـاوجەرگی زەوی دەری کـردووە، ئەو زەویـیەی کە فەرمـانبەردار و گـوێڕایەڵ و کەشـتی و فـڕۆکەی خواوەنـدی بەتوانـای مەزنە و، خـوای گەورە فەرمـان بـۆ ئەو بۆمبایە دەردەکات بتەقێتەوە و بێئاگایان بە خەبەر بهێنێت و ستەمکارانیش ڕابچڵەکێنێت.

* * *

هۆکارەکان پەردەن:

گومڕایان و ئەهلی ئیلحاد لە پێناوی پارێزگاریی ڕێبازی ڕێگریان لە "بێداریی ئیمانی"، دەچن سەرسەختی و نەفامییەکی هێندە نامۆ و سەیر دەردەخەن کە مرۆڤ وا لێ دەکات لە مرۆڤایەتیی خۆی پەشیمان ببێتەوە! بۆ نموونە:

ئەو سەرپێچییە تاریك و نووتەك و ستەمکارانەیەی کە گرۆی مرۆڤ لەم دەمانەی دواییدا بەرامبەر فەرمانەکانی خواوەند نواندی و هەموو جیهانی گرتەوە، بە ڕادەیەك ماکە گشتییەکانی هەژاند و هەموویانی تووڕە کرد.. بگرە لە ئەنجامی ئەوانەوە پەروەردگارێتیی بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەویش بە سیفەتی "رب العالمین" و فەرمانڕەوای هەموو گەردوون - نەك بە سیفەتی پەروەردگارێتییەکی هەندەکیی تایبەت - لە سەرانسەری جیهاندا و لە بازنەیەکی هەمەکی و فراواندا دەرکەوت و.. بە بەڵا و گیروگرفتی گشتیی سامناکی وەك جەنگی جیهانی و بوومەلەرزە و لافاوە ڕامالەرەکان و ڕەشەبا توندوتیژەکان و هەورە برووسکە سوتێنەر و تۆفان و زریانە ڕووخێنەرەکان، زللەی لە گرۆی ئادەمیزاد وەشاند، تاکو ئەم مرۆڤە نوقمبووەی ناو بێئاگایی بێدار ببێتەوە و، هانی بدات واز لە ستەم و سنوورشکاندن و لەخۆباییبوونە ترسناکەکانی بهێنێت و، پەروەردگارە مەزنەکەی خۆی پێ بناسێنێت کە پشتی لێ هەڵکردووە..

بەمەش خوای گەورە بە ڕوونی دانست و توانست و دادگەری و قەییومییەت و ویست و فەرمانڕەوایەتیی خۆی ئاشکرا کرد..

کەچی سەرباری ئەمە، چەند شەیتانێکی نەفام کە لە شێوە و ڕوخساری مرۆڤدان، سەرسەختییەکی گەلحۆیانە و ئابڕووبەر لە ڕووی

ئەو ئامــاژە پەروەردگــارییە هەمەکی و پەروەردە خــواییە گشــتییانە بــۆ مرۆڤایەتی، دەنوێنن و، دەڵێن:

(ئەوانە چەنــد هۆکــارێکی سروشــتین.. تەقیــنەوە و تێکەڵبــوونی کانزاکانن.. تەنها بە ڕێکەوت ڕوو دەدەن.. گەرمــای خــۆر و کارەبــا بەر یەك کەوتــن و بــۆ مــاوەی پێــنج کــاتژمێر لە ئەمریکــادا مەکینەکــانی لەکارخست.. ئاســمانی شــاری قەستەمۆنی ســوور هەڵــگەڕا و دەڵێــی ئاگری تێ بەربووە)!

ئەمانە و، هاوچەشنیان لەم وڕێنە بێ واتا و ناوەڕۆکانە.

"نەزانی"ی ســامناکی ئەنجــامی گــومڕایی و، "سەرســەختی"ی بێــز لێکراوی بەرهەمی ئیلحاد و کافری، نایەڵێت پەی بە ماهییەتی هۆکارەکان ببەن و بزانن کە هۆکارەکان تەنهــا چەنــد پەردەیەکــن لە بەردەم "توانســتی خواوەند"دا دادراونەتەوە..

ئەوەتا دەبینیت یەکێك لەوانە، لەبەر نەزانیی خۆی، چەند هۆکــارێکی ڕواڵەتی زەق دەکاتەوە و بۆ نموونە دەڵێت:

"ئەم تۆوە بچووکە ئەو درەختە سنەوبەرە زەبەلاحەی بەرهەم هێناوە"!

دەیەوێت لەم ڕێیەوە ئینکاریی مــوعجیزەی بەدیهێــنەرە مەزنەکەی ئەو درەختە بکات. لە کاتێکدا کە بەدیهێنانی ئەو درەخــتە گەر بە هۆکارەکــان بسپێررێت، بە سەد کارگەش ناتوانن ئەو درەختە پێك بهێنن.

دەرخســـتنی هۆکــارە ڕواڵەتییەکــانی وەك ئەم نمــوونەیە لە لایەن گومڕایــانەوە، بــۆ مەبەســتی کەمکــردنەوە و داگــرتنە لە شــان و شــکۆی مەزنێتیی کــاری پەروەردگــارێتیی مەزن کە دانســت و ئیختیــاری لەســەر نەخشاوە..

یان دەبینیت یەکێکی تریان دەچێت "نـاوێکی زانسـتی" لە ڕاسـتییەکی گرنگی وەها دەنێت کە ژیریی مرۆڤ ناتوانێ پەی بە مەودا و قووڵییەکەی ببات. پێی وایە تەنهـا بە "ناولێنـان" ئەو ڕاسـتییە گـرنگە نـاسراوە و وەك شتێکی ئاسایی لێ هاتووە و، دانست و ناوەڕۆکی تێدا نییە!

سەرنج لەم گەلحۆیی و نەفامییە بێسنوورە بدە، چونکە وا دەزانن تەنها ناونان لەو ڕاستییەی کە پێناساندن و باسی حیکمەتەکانی لە سەد لاپەڕەدا جێی نابێتەوە، دەیکات بە شتێکی ئاسایی و ناسراو! وەك دەڵێن:

"ئەم شتە لەوە پەیدا بووە.. ئەم ڕووداوە هی ماددەی خـۆرە کە لەگەڵ کارەبادا بەریەك کەوتوون"..

پێیـان وایە تەنهـا بەم ناولێنـانە ڕووداوەکەیـان شی کـردووەتەوە و لە خەڵکییان گەیاندووە!!

هەندێکیان نەزانییەکی لە هی "ئەبووجەهل" زیاتر دەردەخـات، کـاتێ کە ڕووداوێـکی مەبەسـتداری تـایبەتیی پەروەردگارییـانە بـۆ یەکێـك لە یاساکانی سروشت دەگێڕێتەوە، وەك بڵێی بکەری ڕووداوەکە ئەو یاسـایە بێت! بە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوەش بۆ یاساکە پەیوەنـدیی ئەو ڕووداوە بە ویسـتی هەمەکیـی خواوەنـد و ئیختیـاری ڕەهـا و فەرمـانڕەوایەتیی خواوەنـدەوە دەبچڕێـت، کە یاسـا کارگوزارەکـانی لەنـاو گەردوونـدا دەیاننوێنن..

پاشان دەبینیت ئەو ڕووداوە بۆ ڕێکەوت و سروشت دەگێڕێتەوە، وەك ئەو گەلحـۆ سەرسـەختەی کە سـەرکەوتنی سـەربازێك یـان تیپێـك لە جەنگدا بۆ "ڕێسا و یاسای سەربازی" دەگێڕێتەوە و لە فەرماندەی سوپا و دەستەڵاتی دەوڵەت و کارە نیشانەکراوەکانی دادەبڕێت!

با لەم نموونەیەوە سەیری نەزانییە ئابڕووبەرەکەیان بکەین:

ئەگەر وەستایەکی کارامە سەد هۆقە خواردەمەنیی جۆراوجۆر و سەد گەز کووتاڵی جیاجیای لە پارچە تەختەیەکی بە ئەندازەی سەری نینۆکێك دروست کرد و، یەکێك وتی:

(ئەم کارە دەراسایانە تەنها ئەو پارچە تەختە بێ نرخە ئەنجامی داون)..

ئایا بەم وڕێنەیەی نەزانییەکی سەیری دەرنەبڕیوە؟

ئەم نموونەیە کتومت وەك هەڵوێستی ئەو کەسە وایە کە تۆوێکی ڕەقوتەق بۆ بەدیهاتنی درەخت پێشچاو دەخات و، ئینکاریی سنعەتی بەدیهێنەری دانا دەکات، تەنانەت لە نرخ و بەهای ئەو کارە دەراسایانەی دروستبوونی درەختەکە دادەگرێت کاتێ کە دەیانداتە پاڵ ڕێکەوتی کتوکوێر و هۆکارە سروشتییەکان!

جا نەزانیی ئەوانە کتومت وەك هی ناو ئەم نموونەیە وایە!

* * *

پەروەردەیەکی ئیمانی

بەشێك لە (وتەی حەڤدەهەم)

لالانەوەیەك

ئەی پەروەردگارم!

لەو کاتەدا کە من، بە بێ ئاگایی، پاڵم بە توانـا و ئیختیـاری خـۆمەوە دابـوو و پشـتم بە تـۆ نەبەسـتبوو، بـۆ مەبەسـتی دۆزیـنەوەی دەرمـانی دەردەکەم سـەیری هەر "شـەش" لاکـانی خـۆمم کـرد، بەڵام بە داخەوە نەمتوانی دەرمانێك بۆ دەردەکەم بدۆزمەوە.. تا لە "مەعنا"دا پێم وترا:

ئایا خودی دەردەکەت دەرمانێکی سەروزیاد نییە؟!

بەڵێ، بۆ ئەوەی دڵنەواییم دەست بکەوێت، بە بێ ئاگـاییەوە سـەیری "ڕابوردوو"ی لای ڕاستم کـرد، کەچـی بینـیم "دوێنـێ" - لای ڕاسـت - گۆڕی باوکمە و ڕۆژگـارانی ڕابـوردووش گۆڕسـتانێکی مەزنی بـاپیرانی منن!

بەم جۆرە، ئەم لایە، لە بریی دڵنەوایی، بێزاری و دڵتەنگیی بۆ فەراهەم هێنام[1].

---

(١) بەڵام ئیمان ئەم گۆڕستانە مەزنە، بە کۆڕێکی ڕووناك و ئەنجومەنێکی هاودەمی و دڵنەواییبەخشی هەموو خۆشەویستان پیشان دەدات. (دانەر)

پاشان بە لای چەپمدا سەیری "داهـاتوو"م کـرد. لەوێشـدا نەمتـوانی دەرمانێـك بـۆ دەردەکەم پەیـدا بـکەم. تەنـانەت "سـبەینێ"م لە شـێوەی گۆڕەکەی خۆمـدا بینـی و داهاتووشـم بە گـۆڕی هاووێنەکـانی خـۆم و نەوەی داهاتوو هاتە بەرچاو! واتە ئەم لایەش لە بریی دڵنەوایی، بە هەمان جۆر بێزاری و دڵتەنگیی بۆ بەجێهێشتم[١].

کە لە لای چەپیش نائومێد بووم، سەیری ئەمڕۆ(ئێستا)م کرد..

دەبینم "ئەمڕۆ"م بە چەشنی تابووتێك دێتە بەرچاو کە جەسـتەی منـی لە خۆیدا هەڵگرتووە، ئەو جەستەیەی کە بە وێنەی هەڵبەزینەوەی مەل لە نێوان ژیان و مردندا ئۆقرەی لێ بڕاوە[٢].

کە لەم لایەش دەرمانی دەردەکەم دەست نەکەوت، ناچار سـەرم بەرز کردەوە و بۆ لای "سەرەوە"م ڕوانی و سەیری چڵەپۆپەی درەختی تەمەنی خـۆمم کـرد، بینـیم تەرمەکەم تاقـانە بەری درەختـی تەمەنمە و لەوێ ڕاوەستاوە و سەیرم دەکات[٣]!

کە بە هەمان جۆر لەم لایەش نائومێـد بـووم، سـەرم داخسـت و بـۆ "خوارەوە"م ڕوانی، دەبینم خاکی ئێسکی پرتووکاوم هاودەم لەگەڵ خاکی سەرەتای دروستبوونمدا تێکەڵی یەکتری بوون و، پێیان پێدا دەنرێت!

---

(١) بەڵام چ ئـیمان و چ دڵنیـایی بەرهەمـی ئـیمان، ئەو گۆڕسـتانە بە بانگهێشـتنی میهرەبانیی خواوەند بەرەو کۆشك و تەلارە نیانەکانی بەختەوەریی هەمیشەیی، پیشـان دەدەن (دانەر)

(٢) بەڵام ئیمان، ئەو تابوتە بە وێـنەی مەڵبەنـدی بازرگـانی و خـانەیەکی ڕوونـاکی میوانداری، پیشانی ئیماندار دەدات. (دانەر)

(٣) بەڵام ئـیمان دەری دەخـات کە ئەو بەرەی درەختـی تەمەن "تەرم" نیـیە، بەڵکـو دەربازبوونی "گیان"مە - کە بۆ هەتاهەتایی دەستنیشان کراوە - لە هـێلانە دێـرینەکەی خۆی بەرەو ئاسۆی ناو ئەستێرەکان! (دانەر)

ئەم لایە - بەم جۆرە - دەردەکەمی پتر بۆ زیـاد کـردم و هـیچ دادێـکی نەدام و نەهات بە فریا و هانامەوە(١).

ئنجا ڕووی خۆمم لەو لایەش وەرچەرخاند و ئـاوڕم بـۆ لای "دواوە" دایەوە، بینیم:

دنیای فانی لە شیو و دۆڵ و کەنـدەڵانی تـاریکی و بـێ مەبەسـتییەوە بەرەو خوار بەر دەبێتەوە.

بەم جـۆرە ئەم لایەش لـە بریی ئەوەی دڵم بـداتەوە، ژەهـری تـرس و زام و بێ هاودەمیی کرد بەسەر زامەکەمدا و پتر بۆی هێنامەوە سۆ(٢).

کە هـیچ خێـرێکم لەم لایەش دەسـتگیر نەبـوو، سـەیری "بەردەم"ی خۆمم کرد، بینیم:

لە سەرەتای ڕێگاکەمدا دەرگای گۆڕەکەم لێ کـراوەتەوە و، لە پشـتی ئەو گۆڕەشەوە ڕێگای ئەبەدم لە دوورەوە لێ دیارە(٣).

بەم چەشنە، لەم شەش لایەدا هیچ دڵدانەوە و دڵنەوایـیەکم دەسـتگیر نەبوو، بەڵکو لە سام و ترس زیاتر هیچی ترم دەست نەکەوت..

---

(١) بەڵام ئیمان دەری خست کە ئەو خـاکە دەرگـای میهرەبـانییە و پەردەیەکە بەسـەر ڕووی هۆڵی بەهەشتدا دادراوەتەوە. (دانەر)

(٢) بەڵام ئیمان دەری خست کە ئەو دنیایەی وامدەزانی لەناو تاریکیدا بەر دەبێـتەوە، لە ڕاستیدا چەند نووسراوێکی صـەمەدانیی خواوەنـد و چەنـد لاپەڕەیەکی نەخـش و نیگارەکـانی ئەو خـوایەن کە ئەرکی سەرشـانیان بەجـێ هێنـاوە و لە بریـی خۆیـان ئەنجامی کارەکانیان لە "بوون"دا بەجێ هێشتووە. (دانەر)

(٣) بەڵام ئیمان ئەو دەرگای گۆڕە دەکات بە دەرگایەك بـۆ جیهـانی ڕوونـاکی و، ئەو ڕێگایەش دەگۆڕێت بە ڕێگای بەختەوەریی هەمیشەیی. کەواتە بە ڕاستی "ئیمان" بوو بە مەڵهەمی شیفابەخش و ساڕێژکاری دەردەکەم. (دانەر)

خۆ منیش لە بەرامبەری ئەو هەموو زام و دەردانەوە جگە لە "جـوزئی ئیختیاری" هیچی ترم شك نەدەبرد[١].

ئەو جوزئی ئیختیارییەش کە چەکی مـرۆڤە، گەر سـەرنجی بـدەیت، دەبینیـت کـۆڵەوار و دەسـتکورت و نـاتەواوە و جـگە لە دەسـتکەوت (الکَسب) توانای بەدیهێنان(الخَلق)ی نییە[٢].

چـونکە ئەو جـوزئی ئیختیـارییە ناتوانێـت بـڕواتە نـاو "ڕابـوردوو" و "داهاتوو"ی مرۆڤەوە، کەواتە سەبارەت بە ئاوات و ئازارەکانی ڕابوردوو و داهاتووەوە چ سوودێکی تێدا نییە[٣].

مەیدانی هـاتوچۆی ئەو جـوزئی ئیختیـارییە تەنهـا کـاتی ئێسـتایە کە ساتێکی کورت و کاتی و کەمخایەنە.

سەرەڕای ئەم هەموو پێداویستییانە و، سـەرباری لاوازی و هەژاری و کۆڵەواریم و، وێڕای هێرشهێنانی ئەم گشت سام و تـرس و بـیمانەش کە لەم شـەش لایەنەوە کـرانە سـەرم، گەلـێ ئـاواتی تـا ئەبەد خـایەن لە

(١) بەڵام ئیمان لە بریی ئەو جوزئی ئیختیارییە، بەڵگەنامەیەکم دەداتێ کە دەتـوانم بە هۆیەوە پاڵ بە توانستێکی ڕەهای مەزنەوە بـدەم، تەنـانەت هەر ئـیمان خـودی خـۆی دەبێت بەو بەڵگەنامەیە. (دانەر)

(٢) بەڵام ئیمان وا لەو جوزئی ئیختیارییە دەکات کە سەروزیادی هەموو شتێك بێت، چونکە لە پێناوی خوادا بەکاری دەهێنێت، وەکو ئەو سەربازەی لە سـوپای دەوڵەتـدا خزمەت دەکات، دەتوانێت لەم ڕێیەوە کاری وا ئەنجـام بـدات کە بە هەزاران جـار لە سەرووی توانستی خۆیەوە بێت. (دانەر)

(٣) بەڵام ئیمان جڵەوی ئەو جوزئی ئیختیارییە لە دەست جەستەی ئاژەڵانەی مـرۆڤ دەسێنێتەوە و دەیداتە دەست "دڵ" و "گیان"ی. ئەو کاتەش مـرۆڤ دەتوانێـت بـڕواتە ناو "ڕابوردوو" و "داهـاتوو"ەوە، چـونکە بـازنەی ژیـانی دڵ و گیـان تـابڵێی فـراوانە (دانەر)

ماهییەتمدا و چەندەها ئارەزووی ڕوون و زەبەندەش بە قەڵەمی قودرەت، لە فیترەتمدا نووسراون.

تەنانەت هەر شتێك لە دنیادا هەیە، نموونەکانی لە فیترەتی منیشدا هەن. کەواتە من پەیوەندییەکی بەتینم بەو ئاوات و ئارەزووانەوە هەیە، بەڵکو هەوڵیشیان بۆ دەدەم، تەنانەت هەست دەکەم دەستێك هەیە پاڵم پێوە دەنێت و هانم دەدات کە هەوڵیان بۆ بدەم.

بازنەی موحتاجی و پێویستییەکانم، بە ئەندازەی فراوانیی بازنەی بینینم گەورە و فراوانە.

تەنانەت ئەندێشەی مرۆڤ تا کوێ بڕ بکات، بازنەی موحتاجیشی تا ئەوێ دەڕوات. کەواتە موحتاجییەکانی تا ئەوێش دەگات، بگرە ئەو شتانەش کە مرۆڤ دەستی پێیان ناگات هەر لە ناوەندی پێداویستییەکانیدان، خۆ ئەو پێداویستییانەش کە دەستی مرۆڤیان پێناگات هێندە زۆرن لە ژمارە نایەن..

کەچی بازنەی توانستی مرۆڤ تابڵێی تەسك و کورتە و هەر هێندەیە کە دەستی پێی دەگات.

واتە هەژاری و پێداویستییەکانیشم بە ئەندازەی هەموو دنیا دەبن. بەڵام دەستمایەکەم شتێکی یەکجار کەمی بچووکە.

دیارە ئەو پێداویستییانەی کە بە ئەندازەی ئەم جیهانە دەبن و، بە ملیارەهای وەك ئەو جوزئە ئیختیارییە بێکەڵکە نەبێ نایەنەدی، هەرگیز بەم دەستمایە کەمنرخ و هەرزانە ناکڕڕێن و دەست ناخرێن.

کەواتە دەبێ مرۆڤ بە دوای هۆکارێکی تردا بگەڕێت..

ئەو "هۆکـــار"ەش بـــریتییە لەوەی کە مـــرۆڤ دەســـت لەو جـــوزئە ئیختیارییە بشوات و، کارەکانی خۆی بە تەواوی بە ویستی خـوای گەورە بسپێرێت و، دەستبەرداری هێز و توانای خۆی ببێـت و، هانـا بـۆ هێـز و توانـــای خـــوای گەورە ببـــات. بەم کـــارەشی دەســـتی خـــۆی لە پەتی "تەوەککول" گیر دەکات.

کەواتە ئەی پەروەردگارم!

مادەم هۆی ڕزگاربوون تەنهـا لەمەدایە، ئەوا لە پێنـاوی تـۆدا واز لەم جوزئی ئیختیارییەش دەهێنم و دەستبەرداری خۆویسـتی(أنانیة)ی خـۆم دەبم!

بەشکو چـاودێریی تـۆ بەزەیـی بە کـۆڵەواری و هەژاریمـدا بێـتەوە و دەستم بگرێت و، سـۆزی میهرەبانییەکەشـت بێـت بە هانـای هەژاری و پێداویستییەکانم و، پشتم بگرێت و، دەرگای خۆیم لێ بکاتەوە!

بەڵێ، هەرکەسێك دەریای فراوان و بێ لێواری میهرەبانی بـدۆزێتەوە، هەرگیـز لە بریـی ئەو میهرەبـانییە پشـت بە جـوزئی ئیختیـاریی خـۆی نابەستێت کە وەك دڵۆپێکی ناو سەرابێك وایە!

ئای داخەکەم!

ئێمە خەڵەتاین و لەخشتە براین! چونکە لەو گومـانەدا بـووین کە ئەم ژیانەی دنیا هەمیشەیی و بەردەوامە، بەم گومانەشمان هەموو شتێکمان لە کیسی خۆمان دا!

بەڵێ، ژیان وەنەوزێك بوو وەکو خەونێك لێمان گوزەشت..

ئەم تەمەنەش ڕانەوەستا..

وەك بای قایم..
هەڵی‌کرد و ئێرەی جێهێشت!

ئەو مـــرۆڤەی کە لە خـــۆی بـــایی بـــووە و، لە هەڵســـوکەوت و بیرکردنەوەکانی خۆی ڕازییە و، پێی وایە هەتاهەتایە هەر دەمێنێتەوە و ئێرە بەجێ ناهێڵێت، ئەو مـرۆڤە حـوکمی نەمـانی لەسـەر دەرکـراوە و خێـرا دەڕوات و ئەم ژیانە بەجێدەهێڵێت..

ئەم دنیـــایەش کە خـــانە و لانەی ئەوە، بەرەو تاریکســـتانی "نەبـــوون" دەکەوێتە خوار و سەرجەم ئاواتەکانی مرۆڤیش بە ناکـامی لەگەڵ خۆیـدا بەرەو گۆڕ بەڕێ دەکرێن و هیچیانی بۆ نایەنەدی و.. ئازارەکانیشی لەنـاو گیانی ئەودا وەك نەخشی سەنگ هەڵدەکەنرێن و هەتا مـاوە بە سـۆیانەوە هەڵدەقرچێت و بە ئازارەوە دەتلێتەوە.

دەسا ئەی نەفســە تاســەمەندەکەی ژیــان و داخــوازی تەمەنی درێـژ و شەیدای دنیا و گیرۆدەی ئازار و ئاواتی هەتاهەتایی بێ سنوور!

ئەی دەروونە بەدبەختەکەم! خێرا بێدار بەرەوە، وەرەوە بۆ سەر هۆشی خۆت.. ئایـا نابینیـت ئەو گوڵەسـتێرەیەی کە پشـت بە ڕووونـاکییە کـز و لاوازەکەی خۆی دەبەسـتێت، چـۆن گرفتـاری شـەوەزەنگ و تاریکـایی شەوی تار دەبێت، کەچـی ئەو هەنـگەی بە خـۆی نانازێـت، ڕوونـاکیی خـۆری دەسـتگیر دەبێـت و، گـوڵانی هـاودەم و هاوڕێشـــی، بەهـۆی تیشکدانەوەی ڕووناکیی خۆر لەسـەر ڕوویـان، وەك زێـڕ لە بەرچـاویـدا دەبریسکێنەوە؟!

ئەی نەفسەکەم! تۆش بەو جۆرەیت، چونکە ئەگەر پشت بە "بوون" و "خۆویستی" و "خود"ی خۆت ببەستیت، وەکـوو گوڵەستێرەکەت لـێ

دێت و حەواڵەی تاوانی خۆت دەکرێیت، بەڵام گەر "بوون"ی خـۆت لە پێناوی ئەو بەدیهێنەرە بەخشندەیەی خۆتدا بەخت کرد کە ئەو "بـوون"ەی پێ بەخشیویت، ئەوا وەکوو هەنگت لێ دێت و، "بوون" و "ڕوونـاکی"ی لەسنووربەدەرت دەستگیر دەبێت..

کەواتە خۆت لەو پێناوەدا بەخت بکە!

چونکە ئەم "بوون"ەی خۆت ئەمانەت و سپاردەی ئەون لات دانراون!

پاشان ئەم "بوون"ەی تۆ موڵکی خـوای گەورەیە و هەر ئەویـش پێـی بەخشیویت..

کەواتە بێ هیچ منەت و دوودڵییەك لە پێناوی ئەودا بەختی بکە با لەم ڕێیەوە مانەوەی دەست بکەوێت، چونکە "نفيُ النَّفيِ إثباتٌ"!

واتە: گەر "نەبـوون" لەناوبچێـت دەبێـت بە "بـوون" و، گەر شـتی "نەبوو"ش لەناو ببرێت دەبێت بە شتێکی "خاوەن بوون"!

خوای گەورەی بەخشندە و میهرەبان موڵکی خۆیت لێ دەکـڕێتەوە و بەهایەکی گەورەشی لە بەرامـبەرەوە پـێ داویـت کە بەهەشـتە. ئنجـا کە دەیشـیکڕێتەوە لێـت، دەیپارێزێـت بـۆت و نرخـی زیـاد دەکـات و بە تەواوترین و هەمیشەییترین شێوەش دەیگێڕێتەوە بۆ خۆت.

کەواتە ئەی نەفسەکەم!

خێراکە بەدەم ئەم بازرگانییەوە بڕۆ و ڕاپەڕە، چونکە بازرگانییەکە پێنج قازانجی لە دووتوێدایە. واتە لە تەنها یەك مامەڵەدا پێنج قازانج دەکەیت و لە هەمان کاتیشدا پێنج زیانیشت لە کۆڵ دەبێتەوە.

* * *

چەند ڕوویەکی قەدەر

* بزانە کە[1]:

تۆ لەو کاتەدا کە موسیبەتەکان بە نیشانەتێگرتنی "قەدەر" بەر سەرت دەکەون، لە ڕانەمەڕێك دەچیت لەناو مێرگێکدا، کاتێ شوانەکە دەبینێت سنووریان بەزاندووە، بەردیان تێدەگرێت تاکو بگەڕێنەوە. ئیتر ئەو مەڕەی بەردێك بەر سەری دەکەوێت بە زمانی حاڵ دەڵێت:

"ئێمە لە ژێر فەرمانی شوانەکەداین و، ئەو لە ئێمە بە سوودی ئێمە شارەزاترە.. با بگەڕێینەوە"..

ئیتر دەگەڕێتەوە و ئەوانی تریش دەگەڕێنەوە..

دەسا ئەی دەروونەکەم! لە مەڕ وێڵتر مەبە! لە دەمی موسیبەتدا بڵێ:

﴿إِنَّا لِلَّهِ وإِنَّا إِلَيهِ راجِعُونَ﴾ (البقرة: ١٥٦)!

* * *

(١) بڕوانە سەرنجی پێنجەمی "بریسکەی دووهەم" لە کتێبی (بریسکەکان). (وەرگێڕ)

* بزانە کە:

﴿أَمْ نَحْنُ الزَّارِعُونَ﴾ (الواقعة: ٦٤)..

نهێنیەکی مەزن و نموونەیەکی گەورەی تێدایە!

چونکە هەروەك تۆ بۆ خۆت هەندێ "تۆو" لە پرتووکان و لەناوچوون دەپارێزیت و هەڵیدەگریت، پاشان لە کێڵگەکەی خۆتدا دەیانچێنیت..

بە هەمان جۆر، ئەو پارێزەرە میراتگرە زیندووکەرەوەیەش کە زەوی لە دوای مـردنی زینـدوو دەکـاتەوە، بەروبـوومی کردەوەکـانی سـەرجەم ڕووەکەکان دەنووسێت و، وەك میراتێك دەیانپارێزێ. پاشان بە کردارێکی دابەشـــکردنی دانایـــانە و پەرش و بڵاوکـــردنەوەیەکی ڕێکوپێـــك، دەیانچێنێت. ئەوەش بەوەی کە هەندێ لە تۆوەکان بەملاولادا دەفڕێنێ و بڵاویان دەکاتەوە تاکو هەر تەنها لە پشتی بنەچەکەی خۆیاندا کۆ نەبنەوە. پاشان گەڵا و گوڵەکانیان هێندە بڵاو دەکاتەوە هەتا دەبێتە هاوشێوەی:

﴿وَإِذَا الصُّحُفُ نُشِرَتْ﴾ (التکویر: ١٠).

دەفەرموو لەو بایەخە لەڕادەبەدەرەی خۆتەوە کە دەیدەیت بـۆ توانـای پاراستنی هەندێ تۆو، بڕوانە بۆ کەماڵی پارێزگاریی پارێزەری ڕەها لەوەدا کە چەندین سندووقی ناسك و نیانی لەژمـارەبەدەر دەپارێزێـت، لەوانەی کە پێڕســتەکانی ســەرچاوەکانیان لەخــۆ گرتــووە کە بە ڕاســتەی قەدەر دەستنیشان کراون و، هەموویان بەوپەڕی جیـاکردنەوەی نێـوان ئەوپەڕی تێکەڵیدا، لە ناوەنـدی چەنـدین ئـاڵوگۆڕی لەژمـارەبەدەردا، لە چەنـدەها هۆکاری تێکدەر و بگۆڕ، دەپارێزێ.

جا ئەم "پاراستن"ە، هەرگیز جـڵەو بـۆ تـۆ شـل ناکـات کە حەزت لە هەرچی بێت ئەنجامی بدەیت و، پاشان بمریت و بحەوێیتەوە.

﴿أَيَحْسَبُ الإِنسانُ أَنْ يُتْرَكَ سُدىً﴾ (القيامة: ٣٦)؟
نەخێـر.. مـرۆڤ لەسـەر هەمـوو کـردەوەیەکی گەورە و بچـووکی، لێپرسینەوەی لێ دەکرێت.

* * *

* ئەی سەعیدی لەخۆبایی شانازیکار بە شتێکەوە کە نەتکردووە!
بزانە کە:
مافی شانازی و لەخۆبایی بوونت نییە!
چونکە جگە لە خراپە و ناتەواوی شتێکی ترت تێدا نییە کە لە لایەنی خـۆتەوە بێـت! خـۆ ئەگەر خێرێـك هەبێـت، ئەوا بە وێـنەی "جـوزئی ئیختیـاری"یەکەت ئەویـش خێـرێکی جـوزئییە. بەڵام بەو جـوزئە ئیختیارییەت "خراپە"ی زۆر ئەنجام دەدەیت، چونکە بەروبوومی هەمـوو ئەو هۆکـارانەی ڕوویـان لە ئامـانجەکەی تـۆیە، بە نـاتەواوی و کەمتەرخەمیی خۆت هەڵیان دەوەرێنیت. ئیتر شایانی زیانێکی هەمەکی و شەرمەزارییەکی گشتی دەبیت.. بەڵام تۆ کێشەکەت پێچەوانە کـردووە و، بوویت بە "فیرعەون".
تۆ لەمەدا وەکو کەسێکی لەخۆبایی نەفام وایـت کە لەگەڵ کۆمەڵێـك خەڵکدا بوو بە هاوبەشی بازرگـانیی نـاو کەشـتییەك. ئیـتر هەر کەسـە و ئەرکی سەرشانی خۆی ڕاپەڕانـد، ئەم نەبێـت ئەرکـی خـۆی جێبەجـێ نەکـرد کە کارێك بوو بەهۆیەوە کەشتییەکە دەجووڵا و دەڕۆشت، هەتا لە دەرەنجامدا کەشتییەکە نغرۆ بوو، هەروەك زیـانی هەزار دیناریشـیان لـێ کەوت.
پێی وترا: لە ڕاستیدا دەبێ تۆ هەموو زیانەکە بژێریت.

وتی: نەخێر.. بەسەر هەموومانـدا دابەش دەکرێـت و، منـیش بەشی خۆمم لەو زیانە بەردەکەوێت!

پاشـان لە گەشـتێکی دیـکەدا، بە هەمـان شـێوەی جـاری پێشـوو هاوبەشییان لە بازرگانیدا کرد، ئەم جارە هەزار دیناریان قازانج کرد.

پێی وترا: با قازانجەکە بە پێی دەسمایەکە دابەش بکرێت.

وتی: نەخێر.. هەموو قازانجەکە هی منە، چونکە جاری یەکەم وتتان: دەبێ تۆ هەموو زیانەکە بیژێریت!

پێی وترا: ئەی نەزان!

"بوون" بەندە بە بوونی هەموو هەلـومەرج و بەشـەکانی شـتە خـاوەن "بوون"ەکەوە. کـەواتە بەروبوومی شـتە "بوو"ەکـە دەدرێت بە هـەموان. خۆ قازانجیش "وجوود"ی هەیە و دارای "بوون"ە. بەڵام زیان بەروبوومی "نەبـوون"ە، لەگەڵ ئەوەشـدا هەمـوو شـتە "بوو"ەکـە بە "نەبـوون"ی بەشـێك لە بەشـەکانی، یـان لە دەسـتچوونی مەرجـێکی، دەفەوتـێ و نامێنێت.

دەسا ئەی بەناو "سەعید"(بەختەوەر) و، بە جەستەش بەدبەخت!

بەروبـوومی "نەبـوون" دەگەڕێـتەوە بـۆ ئەو کەسـەی هۆکـاری ئەو "نەبوون"ەیە. کەواتە مافی شانازی و لەخۆبایی بوونت نییە.

یەکەم: لەبەر ئەوەی "شەڕ" لە لایەنی تـۆوەیە و، "خێـر"یش لە لایەنی پەروەردگارتەوە.

دووهەم: لەبەر ئەوەی "شەڕ"ت هەمەکییە و، "خێر"یشت هەندەکی.

سێهەم: لەبەر ئەوەی پـێش ئەنجامـدانی کـارە چـاکەکەت کرێکەیـت وەرگرتـووە. تەنـانەت هەمـوو چاکەکارییەکانـت لەگەڵ یەك لە دەی، دە

یەکی، یەك لە دەی ئەو نیعمەتانەدا یەکسان دەرناچێت کە ئەو کەسە پێی بەخشیویت تۆی کردووە بە مرۆڤێکی موسڵمان.

هەر لەم نهێنییەوەیە کە "بەهەشت" تەنها و تەنها چاکە و بەخششێکی خواییە و، "دۆزەخ"یش عەینی دادگەری. چونکە مرۆڤ بە کرداره "شەڕ"ە جوزئی و یەك چرکەییەکەی خۆی، تاوانێکی هەمەکی و بەردەوام ئەنجام دەدات.

چوارەم: "خێر" کاتێ بە "خێر" دادەنرێت کە بۆ خوای گەورە بێت. جا ئەگەر بۆ ئەو بوو، ئەوا پشتگیری و سەرکەوتن تیایدا هەر لە لایەن خوای گەورەوەیە و، منەتیش هەر لەو دەزانرێت. کەواتە مافی ئەو خێرە "شوکرانە"یە، نەك ئەوەی بە پیشاندانی ئەو چاکەیە لە پێش چاوی خەڵکدا و بە ڕیاکردن تیایدا، شانازیی پێوە بکرێت، کە کارێکە ئەو "خێر"ە دەگۆڕێت بە "شەڕ".

جا لەبەر ئەوەی ئەم ڕاستییەت نەزانی، ئەوا لە خۆت بایی بوویت و، غەیری خۆیشت لەخشتە برد. ئەوەتا ئەو چاکەیەی کە بەرهەمی کرد و کۆششی "کۆمەڵ "ە، دەیگێڕیتەوە بۆ خۆت و ئەو غەیرە. ئیتر لە پێش چاوتدا دەبنە فیرعەون و خاوەنی چاکەکە. تەنانەت سامان و کردارەکانی خوای گەورەش بەسەر هەموو "تاغووت"ەکاندا دابەش دەکەیت.

هەروەها نیشانەیەکی نەزانیت لەوەدایە کە ئەو "خراپکاری"یانەت کە - بە دەق - لە لایەن خۆتەوە هاتوون، تۆ بە مەبەستی هەڵهاتن لە بەرپرسیارێتی، دەیانگێڕیتەوە بۆ "قەدەر"..

هەروەها "چاکەکاری"یەکان کە - بە دەق - بەشێکن لە ڕێژنەی چاکەی بەدیهێنەرت، دەگێڕیتەوە بۆ خۆت و، خۆت دەکەیت بە خاوەنیان، تاکو لەسەر شتێك ستایش و سوپاس بکرێیت کە ئەنجامت نەداوە!

دەسا بەو ئەدەبەی قورئانی پیرۆز ڕەفتار بکە، کە دەفەرموێ:

﴿مَا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَه فَمِنَ اللّهِ ومَا أَصَابَكَ مِنْ سَيِّئَةٍ فَمِنْ نَفْسِكَ﴾ (النساء: ٧٩)..

کەواتە تەنها ئەو شتە بە هی خۆت بزانە کە لە ڕاستیدا هی تۆیە و، ئەوەش زەوت مەکە کە هی تۆ نییە.

هەروەها بەو ئەدەبەی قورئان ڕەفتار بکە کە دەریدەخات پاداشتی "خراپە" هێندەی خۆیەتی، بەڵام پاداشتی "چاکە" دە هێندەیەتی..

لەبەر ئەوە، گەر کەسێك سیفەتێکی خراپی تێدا بوو، نەکەی لە پێش چاوتدا ئەو سیفەتە خراپەیەی بتەنێتەوە بۆ سەرجەم سیفەتەکانی تری و، بۆ خزمانیشی..

هەروەها خۆشەویستییەکەت بۆ کەسی "چاکەکار" پەرە پێ بدە هەتا دەگاتە ئەوەی خزمەکانی ئەویشت خۆش بوێت و، چاوپۆشی لە نەنگییەکانی بکەیت.

* * *

*** بزانە کە:**

زۆر جار ڕێم لە بێئاگایان دەکەوێت کە بیانوو بە مەسەلەی "قەدەر" دەهێننەوە و، لە باسی "جوزئی ئیختیاری" و "دروستکردنی کردارەکان"دا قوووڵ دەبنەوە. لە کاتێکدا کە ئەوان بە زمانی بێئاگاییەکەیان، هەر لە بنەڕەتدا نکوولی لە "قەدەر" دەکەن و، جڵەوی شتەکان دەدەنە دەست "ڕێکەوت" و، لەو وەهمەدان کە بە شێوەیەکی ڕەها خۆیان بکەر بن و،

ماڵ و سنعەتی خوا بەسەر هاونەژادەکانی خۆیان و هۆکارەکانـدا دابەش دەکەن!

جـا دەروونی "کـافر" یـان "بێئاگـا" لە دەمـی بێئاگـاییەکەی و لە ناوەرۆکدا، هەموو شتەکان لە خوای گەورە نەفی دەکات، هەرچەنـدەش بە ڕواڵەت وا پیشان بدات کە دەیانسەلمێنێت بۆ خوای گەورە..

بەڵام دەروونی "ئیماندار" و "خواناس" لەو باوەڕەدایە و، ملکەچە بـۆ ئەو باوەڕەش کە هەر هەمووی هی خوای گەورەیە.

جا ئەم دوو مەسەلەیەی "زانستی کەلام" دوا سنووری "تەوەککـول" و "ئیمان" و دوا پلەکانی "تەوحید" و "ئیسلام"ن، سـەبارەت بە خواناسـانی بێدار و دڵئامادە.. بەڵام بەرزەخێکی بەربەستن سەبارەت بە بێئاگایان.

دەسا ئەی بێئاگایانی بە فیرعەون بووی ناو خۆویستییەکانتان!

ئێوە لە کوێ و، هاتنەدیی ئەم دوو مەسەلەیە لەناختاندا لە کوێ؟

خۆ ئەگەر تۆ لە توانەوە و بەندایەتیـدا بـۆ خـوای گەورە هەتـا پـلەی نەفیکردنی "جوزئی ئیختیاری" بەرز بوویتەوە و، گەیشتوویتە ئەو پایەیەی کە هەموو شتێك بۆ "قەدەر" بگێـڕیتەوە، کێشـە نییە، چـونکە لەو دەمەدا جـۆرە مەسـتییەکت تێـدایە، لەبەر ئەوەی لە کـاتی وادا ئەم دووانە لە مەسەلەکانی ئیمانێکی زمانحاڵن، نەك ئەوەی هی مەسـەلەیەکی زانسـتیی نەزەری بن.

* * *

پوختەیەك لە ژیانی دانەر

* ناوی "بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی"یە .
* لە گوندی "نوورس"ی سەر بە پارێزگای "بەدلیس"ی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی (باکووری کوردستان) لە بنەماڵەیەکی کوردی دیندار لەدایك بووە.
* لە نێوان ساڵەکانی (١٨٧٦-١٩٦٠ز)دا ژیاوە.
* "صۆفی میرزا"ی باوکی بە پیاوچاکی بەناوبانگ بووە و، هەر خۆراکێك حەڵاڵ نەبووبێت دەرخواردی مناڵەکانی نەداوە.. خاتوو "نووریە"ی دایکیشی بە پاك و خاوێنی و دەستنوێژەوە نەبووبێت شیری بە مناڵەکانی نەداوە!
* دایکی لە کاتی جەنگی جیهانیی یەکەم و، باوکیشی لە ساڵەکانی بیستی سەدەی پێشوودا کۆچی دواییان کردووە و، لە گۆڕستانی گوندی "نوورس" نێژراون.
* چوارەم مناڵی خانەوادەکەیانە کە یەك لە دوای یەك ئەمانەن:
(دوڕڕیە، خانم، عەبدوڵڵا، سەعید، محەممەد، عەبدولمەجید، مەرجان).
* لە پێشدا لە لای "مەلا عەبدوڵڵا"ی برا گەورەی دەستی بە سەرەتاکانی خوێندن کردووە. پاشان چەندین گوند و شاری کوردستان گەڕاوە و، لای زانا گەورەکانی ئەو سەردەمە وانە گرنگەکانی خوێندووە.
* لە تەمەنی چواردە ساڵیدا بڕوانامەی زانایی لە زانستە ئیسلامیەکاندا بەدەست هێناوە.
* بە هەوڵ و تەقالای خۆی شارەزایی لە زانستەکانی ڕۆژگاردا، وەك: کیمیا، فیزیا، بیۆلۆجی، جیۆلۆجی، بیرکاری، گەردووناسی، جوگرافیا، هتد.. پەیدا کردووە.
* لەبەر زیرەکیی ناوازە و لە ڕادەبەدەری، نازناوی (سەعیدی مەشهوور) پاشان (بەدیعوززەمان)ی لە لایەن زانایانەوە پێ دراوە.
* یەکەم کەسە هەوڵی داوە بۆ دامەزراندنی زانکۆ لە کوردستاندا و، کردنەوەی قوتابخانەی کوردی و، خوێندنی وانەی زانستەکانی سەردەم شان بە شانی زانستە ئاینییەکان. لەم پێناوەشدا لە لایەن دواهەمین دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی عوسمانییەوە ڕووبەڕووی چەندین گرفتی دژوار بووەتەوە.

* گەورەترین زانا و کەسایەتیی کوردی ئەم سەردەمەیە کە لە دوای مەولانا خالیدی نەقشبەندی لەناو نەتەوەی کورددا هەڵکەوتووە و، ناوبانگی جیهانیی بۆ دروست بووە و، لە ڕووبەرێکی فراوانی سەر زەویدا سوود لە بەرهەمەکانی وەردەگیرێت.
* تاکە کەسایەتی بووە کە هەموو زەبر و زەنگێکی ڕژێمی مستەفا کەمال و، سی و پێنج ساڵی بەندی و دوورخستنەوە و دەستبەسەری و دەیان دادگای تۆقێنەر نەیانتوانیوە چۆکی پێ دابدەن و لە خەباتی ڕەوای خۆی کۆڵی پێ بدەن. تەنانەت ئەو توانیویەتی سەرکەوتنیشیان بە سەردا بە دەست بهێنێت.
* زیاتر لە سەد و سی کتێب و نامیلکەی لە ژێر ناونیشانی (**سەرجەمی پەیامەکانی نوور**)دا نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە.
* وەرگێڕانی سەرجەمی پەیامەکانی نوور بۆ (زمانی عەرەبی) لە لایەن مامۆستا (ئیحسان قاسم صالحی)یەوە لە دە دانە بەرگی گەورەدا تەواو بووە و، لە وڵاتانی تورکیا و میسر و هیندستان و عەرەبستانی سعوودی چەند چاپێکی یەك لە دوای یەکیان تا ئێستا لێ بڵاوکراوەتەوە.
* بەشێکی زۆریشیان لە لایەن خوشکی نۆموسڵمان ماری وێڵد (شوکران واحیدە)وە کراون بە (زمانی ئینگلیزی) و بڵاو کراونەتەوە.
* بە (زمانی کوردی)ش (**سەرجەمی پەیامەکانی نوور**)مان لە نۆ بەرگی گەورەدا چاپ کردووە، جگە لە سی و شەش کتێب و نامیلکەی سەربەخۆ.
* چەندین کتێبی تر بە زاری کرمانجیی ژووروو بڵاوکراونەتەوە.
* چەند بەشێکی ئەم پەیامانە بۆ ئەم زمانانەی خوارەوەش وەرگێڕراون، کە تا ئێستا کاری وەرگێڕان تیایاندا بەردەوامە:
(ئەڵمانی، ئەلبانی، ئیتاڵی، ئیسپانی، ئازەری، ئۆزبەکی، ئوردوو، ئیندۆنیسی، بەنگالی، بولگاری، بۆسنی، پرتوگالی، پشتۆ، تاجیکی، تەتاری، تاڵشی، تورکمانی، جۆرجی، چینی، دانیمارکی، ڕۆمانی، ڕووسی، ژاپۆنی، سانسکریتی، سلۆڤاکی، سەواحیلی، سویدی، فەڕەنسی، فیلیپینی، فارسی، ڤێتنامی، قەرغیزی، کازاخی، کۆری، کرواتی، گۆجیراتی، لاتینی، مالی، مالیزی، مەقەدۆنی، نەیجیری، هۆسا، هیبرۆ، هیندی، هەنگاری، هۆڵەندی، یۆنانی).
* تا ئێستا زیاتر لە شەست کۆنفرانسی جیهانی و دەیان کۆڕی زانستی و پێشبڕکێی ڕۆشنبیریی لە ئاستی جیهاندا لەسەر کراوە و، دەیان کتێب و، سەدان لێکۆڵینەوەی

لەسەر نووسراوە و، چەندین بەڵگەنامەی زانکۆییشی لە خوێندنی باڵادا لەسەر وەرگیراوە، کە هەندێکیان لە کوردستاندا بووە.
* لە وڵاتی هیندستان پەیمانگایەکی تایبەت بە ناساندنی مامۆستا نوورسی و پەیامەکانی دامەزراوە، کە خوێندن تیایدا بەردەوامە.
* دواهەمین گەورە کۆنفرانسی زانستیی جیهانی لەسەر مامۆستا بەدیعوززەمان لە شاری ئەستەمبووڵ لە بەرواری (١-٣/١٠/٢٠١٧ز)دا بەڕێوەچوو، کە زیاتر لە سەد توێژینەوەی زانستیی تێدا تاوتوێ کرا و، چەند توێژەرێکی باشووری کوردستانیش بەشدارییان تێدا کرد.
* لە باشووری کوردستاندا، هەتا ئێستا سێ سیمینار ساز کراوە بۆ مامۆستا نوورسی و پەیامەکانی، لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، سۆران).
* هەروەها کۆڕبەندێك لە بەرواری (٢١/١٢/٢٠١٣ز) لە شاری هەولێر لە لایەن پەیمانگای زانستە ئیسلامیەکان و وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستانەوە ڕێکخرا بە بەشداریی چەند توێژەرێکی ناوخۆی کوردستان و وڵاتی تورکیا و، بە ئامادەبوونی دەیان کەسایەتیی زانستی و ئایینیی عێراق و هەرێم.
* هەروەها لە بەرواری (١٢/١٢/٢٠١٥ز)دا لە شاری هەولێر نەدوەیەکی زانستی لە لایەن (ڕێکخراوی پەیامی پاك)ەوە بۆ مامۆستا نوورسی و پەیامەکانی ساز کرا بە ناوی "نووری نبووەت لە پەیامەکانی نووردا" کە چەند توێژەرێکی باکووری کوردستانیش بەشدارییان تێدا کرد.
* لە بەرواری (٢٦/٣/٢٠١٦ز)شدا لە شاری هەولێر لە لایەن (ئەمینداریتیی گشتیی ئەنجومەنی زانایانی عێراق) و بە بەشداریی سەنتەری ڕۆشنبیریی (وقف الخيرات) نەدوەیەکی ڕۆشنبیری بە ناوی (الإمام بديع الزمان سعيد النورسي ومنهجه في إحياء الإيمان) بەڕێوەچوو چەند باس و بابەتێکی بە زمانی عەرەبی تێدا پێشکەش کرا.
* دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم لە شاری سلێمانی لە ساڵی (٢٠١٦)دا ژمارە (٨٩)ی بڵاوکراوەی (ڕۆڤار)ی تایبەت کرد بە مامۆستا نوورسی بە ناوی (سەعید نوورسی.. کلیلی گەنجینەیەکی شاراوە).
* هەتا ئێستا لە باشووری کوردستاندا شەش مزگەوت بە ناویەوە ناونراوە لە شارەکانی (سلێمانی، سۆران، کەرکوك، هەولێر، پێنجوێن، هەڵەبجە).

پێرستی بابەتەکان

بابەت | **لاپەڕە**

(پەیامی قەدەر و جوزئی ئیختیاری) ٤
باسی یەکەم:
قەدەر و جوزئی ئیختیاری باس و بابەتی زانستی و نەزەری
نین، بەڵکو دوو بەشن لە ئیمانێکی "حالی"و "ویجدانی"دا ٥
باسی دووهەم:
توێژینەوەیەکی ورد و زانستیی تایبەت بۆ زانایان ١٣
باسی سێهەم:
باوەڕ بە قەدەر یەکێکە لە شەش پایەکانی ئیمان ٢١
باسی چوارەم:
وەڵامی پرسیارێك لەبارەی ئەو بەڵا و موسیبەتانەی دێنە ڕێی
مرۆڤ لە ژیانی دنیایدا ٣٠
کۆتاییەك لە پێنج بڕگەدا بۆ دەمکوتکردنی نەفسی ئەممارەی
نەزان و بەخۆناز و لەخۆبایی و ڕیاکار و لەخۆڕازی ٣٣
پاشکۆ: نزیکترین ڕێ بۆ لای خوای گەورە ٣٩
نهێنیی قەدەر لە ڕووداوە گشتییەکاندا:
وەڵامی چەند پرسیارێکە لە بارەی حیکمەتی ڕوودانی
بوومەلەرزەکان و هۆکارە مەعنەوییەکانیان ٤٧
هۆکارەکان پەردەن ٥٥
خۆپەروەردەکردنی ئیمانی لە دووتوێی لاڵانەوەیەکدا ٥٩
چەند ڕوویەکی قەدەر ٦٧
پوختەیەك لە ژیانی دانەر ٧٤

پەیامی قەدەر

ئەگەر دەتەوێ بزانیت:

❁"قەدەر" و "جوزئی ئیختیاری" بابەتی نەزەری نین، بەڵکوو "حاڵەتی ئیمانی"ن لە ناخی مرۆڤدا؟

❁بەڵگەکانی "قەدەر" چین؟

❁هەموو شتێکی قەدەر "باش" و "جوان"ە. ئەی گیروگرفتەکانی دنیاش هەروەهان؟!

❁نهێنیی قەدەر لە ڕووداوە گشتییەکانی وەك "بوومەلەرزە"دا چییە؟

❁چۆن تەنها یەك ڕووداو (دەستی قەدەر)و (دەستی بەشەر) تیایدا بەشدار دەبن؟

❁دانەر چۆن بە لاڵانەوەیەك و چەند ڕوویەکی قەدەر لەم کتێبەدا "پەروەردەی ئیمانی"ی خۆی دەکات؟

ئەگەر پێت خۆشە لەمانە شارەزا بیت، فەرموو بە وردی ئەم کتێبە بخوێنەرەوە.

رسالة القدر

من كليات رسائل النور

التي ألفها الأستاذ:

بديع الزمان سعيد النورسي

(رحمه الله)

ON DEVINE DETERMINING

From

The Risale-i Nur Collection

By:

Bediuzzaman Said Nursi

0-0257-0000-6

9 780025 700000

نرخی (١٠٠٠) دیناره